سەرۆک بارزانی لەگەڵ بەرپرسانی لق و ناوچەکانی سنووری دهۆک و مووسڵ و هەرسێ ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی هەولێر، (کەرکووک - گەرمیان)، (سلێمانی - هەڵەبجە) کۆبۆوە

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5824)ی ساڵی شەشەم 10ی ئەیلوول 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

ئەگەر پارتی نەبا ئێستا نە هەرێم دەما و نە شکۆیەک بۆ گەلەکەمان دەمایەوە



دوێنێ دووشەمە 9ی9ی2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ بەرپرسانی لق و ناوچەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سنووری پارێزگاکانی دهۆک و مووسڵ و هەرسێ ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی هەولێر، (کەرکووک- گەرمیان)، (سلێمانی - هەڵەبجە)، کۆبۆوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی تیشکی خستە سەر بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و قۆناغی دوای ڕیفراندۆم و هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی پارتی دیموکراتی گەلان دەکات

مەسرور بارزانی: پشتگیریی لە هەر هەنگاوێک دەکەین بۆ چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەکەدا

هاوسەرۆکی HDP: پێویستە پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان بکرێت

ڕۆژی یەکشەمە 2019/9/8 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی پارتی دیموکراتی گەلان (HDP)کرد بە سەرۆکایەتی سزایی تەمەللی. هاوسەرۆکی HDP سزایی تەمەللی پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لە سەرۆکی حکوومەت کرد و هیوای خواست حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی گرنگی خۆی لە چەسپاندنی ئاشتی لە ناوچەکەدا بگێڕێت.

گوتیشی پێویستە پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان بکرێت. مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەوە کردەوە کە شەڕو وێرانکاری لە قازانجی هیچ لایەکدا نییە و پشتگیریش لە هەر هەنگاوێک دەکەین بۆ چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەکەدا. سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بەوەشدا پرۆسەی دیموکراسی و گفتوگۆی ئاشتیانە باشترین ڕێگەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

نێچیرڤان بارزانی و نوێنەری سکرتێری گشتیی UN دۆخی عێراق تاوتوێ دەکەن



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختی لەوە کردەوە کە دیالۆگی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵسواراوەکانی نێوان هەردوولا و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکاندا، پێویستی بە میکانیزمێکی گونجاوی باشتر هەیە. بەڕێزیان هەروەها ڕوونی کردەوە کە مەرج نییە لیژنەکانی نێوان هەردوولا سیاسی بن، بەڵکو لە زۆر بواردا لیژنەکان دەکرێ تەکنیکی بن.

لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ خاتوو جێنین پلاسخارت، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، دوێنێ دووشەمە 9/9/ 2019 سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، ستایشی ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە عێراق کرد و جەختی لە گرنگیی بەردەوامیی ڕۆڵی یوونامی بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی حکوومەتی فیدراڵی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بەردەوامیی دیالۆگ و چارەسەرکردنی کێشەکان کردەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا هەردوولا پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا، پرسی بودجەی گشتیی ساڵی داهاتووی عێراق، بارودۆخی پارێزگای کەرکووک و جەختیان لە چۆنیەتیی بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا، ناوچە جێناکۆکەکان و ماددەی (140) پرۆسەی سیاسیی عێراق و دۆخی ئەمنیی وڵات، ڕەوشی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان و چۆنیەتیی گەڕانەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیان، دۆخی ئاوارە ئێزدییەکان و ناوچەی شەنگال و چەند پرسێکی دیکەیان تاوتوێ کرد.

وەزیری نەوتی عێراق: کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ کوردستان گەیشتوونەتە قۆناغی پێشکەوتن

وەزیری نەوتی عێراق ڕایدەگەیەنێت، کە کۆبوونەوەکانی نێوان حکوومەتەکەی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی نەوتی کوردستانەوە، گەیشتوونەتە قۆناغی پێشکەوتن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



کەرکووک.. پارتە کوردستانییەکان بە لیستی هاوبەش بەشداری هەڵبژاردن دەکەن



پارتە کوردستانییەکانی کەرکووک ڕایانگەیاند کە لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون بە لیستی هاوبەش بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بکەن. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

پارتی یەکلیستیی لە کەرکووک پێ باشە بە مەرجێک دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک/ گەرمیان دەڵێت، بەشداریکردنی کورد بە یەک لیست لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک هەنگاوێکی باشە و پشتگیریی دەکەن، بەڵام پێویستە هەوڵ بدرێت هەڵبژاردن نەکرێت تاوەکو دۆخی کەرکووک ئاسایی دەبێتەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

بەرپرسی لقی 12ی پارتی بۆ (خەبات):

لەسەر بنەمای سیقی بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پارێزگای هەڵەبجە دادەنێین

بەرپرسی لقی12 ی پارتی لە هەڵەبجە دەڵێ: پاش پێکهێنانی ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجە، بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پارێزگاکە دادەنرێن. لەگفتوگۆیەکیدا لەگەڵ (خەبات) بەسام عەلی ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات پارتی لە ڕێگەی ئەو پۆستانەی کە لە هەڵەبجە وەریدەگرێت دەیەوێت خزمەتی خەڵکی شارەکە بکات. سەبارەت بە دروستکردنی ڕێگری لەبەردەم کاری بەڕێوەبەرەکان؟ ناوبراو دەڵێت: لەمپەر دروستکردن لەبەردەم کاری بەڕێوەبەرە گشتییەکان کارێکی ئاسان نییە. بەرپرسی لقی 12 پێشی وایە بە پێکهێنانی ئەنجوومەنی پارێزگا دەم و دەزگاکانی هەڵەبجە دەکەونە سەر پێی خۆیان. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

حکوومەتی هەرێمی کوردستان

بەشداری لە گفتوگۆکانی UN تایبەت بە ڕێککەوتنامەی پاراستنی مافی کەم ئەندامان دەکات

بڕیار وایە لە ڕۆژانی 10 و 11ی ئەیلوولی 2019 خولی بیست و دووەمی لیژنەی تایبەت بە مافەکانی کەمئەندامان لە بارەگای سەرەکی ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤ سەر بە نووسینگەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە جنێف بەستڕێت. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**





مایک پۆمپیۆ بۆ تاڵیبان: سنوورتان تێپەڕاند

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە تاڵیبان بەو هێرشانەی ئەنجامیان دەدات ناتوانێت سەودای دەستی زیاد بکات و گوتی: هەوڵیاندا تیرۆر بەکاربهێنن بۆ بەهێزکردنی پێگەیان لە دانوستاندا. تاڵیبان سنووری تێپەڕاند. ئومێدەوارم ژیری سەرکەوێت، ئەوی دیکە دەکەوێتە سەر تاڵیبان. ئاماژەی بەوەش کرد کە لە پشت بڕیارەکەی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپەوەن بۆ هەڵپەساردنی دانوستانەکان لەگەڵ تاڵیبان.

سەرۆک بارزانی لەگەڵ بەرپرسانی لق و ناوچەکانی سنووری دهۆک و مووسڵ و هەرسێ ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی هەولێر، (کەرکووک - گەرمیان)، (سلێمانی - هەڵەبجە) کۆبۆوە

ئەگەر پارتی نەبا ئێستا نە هەرێم دەما و نە شکۆیەک بۆ گەلەکەمان دەمایەوە

هەموومان قەرزاری پێشمەرگەین، چونکە پێشمەرگە هەموو هاوکێشەکانی گۆڕی و کوردستانی پاراست







دوێنێ دووشەمە 9ی9ی2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ بەرپرسانی لق و ناوچەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سنووری پارێزگاکانی دهۆک و مووسڵ و هەرسێ ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی هەولێر، (کەرکووک- گەرمیان)، (سلێمانی - هەڵەبجە)، کۆبۆوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی تیشکی خستە سەر بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و قۆناغی دوای ریفراندۆم و هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم.

سەرۆک بارزانی سوپاس و پێزانینی بۆ ڕۆڵی ئەندام و کادیرانی پارتی دەربڕی کە سەرباری هەموو گرفتەکان و ئەو هەموو پیلانگێڕییەی دژی پارتی لە ئارادا بوو بەڵام بە هیمەت و خۆڕاگریی ئەندام و لایەنگرانی پارتی، پارتی لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان بووە بە حزبی ژمارە یەک. هەروەها ڕۆڵی کادیرانی پارتی بەرز نرخاند کە بە خۆڕاگری و بڕوابەخۆبوونەوە لەکاتی تەنگانەدا لەسەنگەری پاراستنی کوردستاندان و ئەگەر پارتی نەبا ئێستا نە هەرێم دەما و نە شکۆیەک بۆ گەلەکەمان دەمایەوە.

هەر لەوکۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی سوپاسی خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان و قارەمانێتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کرد لە شەڕی تیرۆریستان و شەڕی بەرگری لە کەرامەت و خاکی نیشتیمان و ڕایگەیاند ئێمە هەموومان قەرزاری پێشمەرگەین، چونکە پێشمەرگە هەموو هاوکێشەکانی گۆڕی و کوردستانی پاراست. سەرۆک بارزانی جەختیی کردەوە، پارتی لەکاتێکدا لەدایک بوو کە گەلەکەمان لە نائومێدییەکی گەورەدا بوو، پارتی بووە ئومێد و هیوای گەل و لەو ڕۆژەوە پارتی خاوەن ئامانجێکی ستراتیژیی هیچ پاشەکشەیەکیش لەو ئامانجە ستراتیژییە ناکەین، بۆیە پارتی هەمیشە لەپێناو پاراستن و بەختەوەریی گەلەکەماندا قوربانی داوە و هەرگیزیش لە بەرپرسیارێتی ڕاناکەین. سەرۆک بارزانی هەروەها ڕایگەیاند کە ئەو دوو سەرکەوتنەی پارتی لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان وەدەستی هێنا، پاداشتی گەلی کوردستان بوو بۆ هەڵوێستە نەگۆڕ و ستراتیژییەکانی پارتی و بەرگرییکردنمان لە کوردستان.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا ئاماژە بە ڕەوشی ژیانی کادیرانی پارتی و ئەو سەختییانە درا کە بەرەوڕوویان دەبێتەوە و بە تیرۆتەسەلی باسی ئەو هەنگاوانە کرا کە دەبنە هۆی بەرەوپێش بردنی کاروباری پارتی و باشترکردنی ژیانی کادیران.

لەبارەی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا و ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، سەرۆک بارزانی ئاماژەی بەوە کرد کە ئێستا گفتوگۆ و دانوستان هەیە و هەنگاوی باش چوونەتە پێش و ئومێد دەکەین هەموو کێشەکان بەدیالۆگ چارەسەر بکرێن، بەتایبەتی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا دەرگەی گفتوگۆ و پرسیار کرایەوە و سەرۆک بارزانی وەڵامی پرسیار و تێبینی و پێشنیاری ئامادەبووانی دایەوە.



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە کونسوڵی بەریتانیا لە هەولێر دەکات

جەیمس سۆرنتۆن: بەریتانیا خوازیارە هەرێمی کوردستان بەهێز و سەقامگیر بێت

دوێنێ دووشەمە 9ی9ی2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە کونسوڵی گشتیی بەریتانیا لە هەولێر کرد. لە دیدارەکەدا کە جەیمس سۆرنتۆن کونسوڵی تازەی بەریتانیا بە مەبەستی خۆناساندن سەردانی سەرۆک بارزانی کردبوو، خۆشحاڵیی خۆی بۆ پێشڤەچوونی پرۆسەی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان و دەستبەکاربوونی حکوومەتی تازە ڕاگەیاند و جەختی لەوە کردەوە کە وڵاتەکەی خوازیارە کە هەرێمی کوردستان بەهێز و سەقامگیر بێت و هەروەها هیوای خواست پەرە بە پەیوەندییەکانی بەریتانیا و هەرێمی کوردستان بدرێت.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا دوا پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە و بارودۆخی کەرکووک و ناوچەکانی ماددەی 140 تاوتوێ کرا. پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەریتانیا تەوەرێکی تری ئەو دیدارە بوو.




سەرۆک بارزانی پێشوازی لە ئەمیری کۆمەڵ دەکات

ڕۆژی یەکشەمە 8ی9ی2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە مامۆستا عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی و شاندێکی یاوەری کرد کە پێکهاتبوو لە عەبدولستار مەجید ئەندامی مەکتەبی سیاسی و مامۆستا مەلا حەسەن ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان.

لە دیدارەکەدا کە فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی و عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی ناوەندیی پەیوەندییە نێشتیمانییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەی بوون، بارودۆخی سیاسیی و دوا پێشهاتەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کرا.

هەر لەو دانیشتنەدا جەخت لە پێویستی هەماهەنگیی لایەنە کوردستانییەکان لەسەر بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان و خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان و بەدیهێنانی بەکڕیزیی نێشتیمانی کرایەوە.

لە بەشێکی تری ئەو کۆبوونەوەیەدا هەردوولا لەسەر پێویستیی یەکوتاری و هەماهەنگیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا هاوڕا بوون. پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا تەوەرێکی تری ئەو دیدارە بوو.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی UN لە عێراق دەکات

مەسرور بارزانی: دەمانەوێ لەگەڵ بەغدا بگەینە ڕێککەوتنێک کە مافە دەستوورییەکانمان پارێزراو بن

دوێنێ دووشەمە 2019/9/9 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە جینین هینیس پلاسخارت نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) لە عێراق کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەبارەی پێشهات و پەرەسەندنەکانی عێراق و ناوچەکە کرا. سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تیشکی خستە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدرالی عێراق و ئاماژەی بەوە کرد کە گفتوگۆکانمان لەگەڵ بەغدا بەردەوامن و ئامانجی سەرەکیمان ئەوەیە بگەینە ڕێککەوتن بەشێوەیەک کە مافە دەستوورییەکانمان پارێزراو بن.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕوونیکردەوە کە سەرەڕای دۆخی سەختی دارایی، بەڵام هەرێمی کوردستان وەک پەناگەیەکی ئارام، بەردەوام پێشوازی لە ئاوارە و پەنابەران کردووە و هاوکاری پێویستی پێشکەش کردوون. لە بارەی دۆخی کەرکووکیش هەردوولا هاوڕابوون لە سەر گرنگیی جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستوور و ئاساییکردنەوەی باردۆخی دەڤەرەکە.



نێچیرڤان بارزانی ستایشی ڕۆڵی فەرەنسا دەکات

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ستایشی ڕۆڵی سەرۆک ماکرۆن و فەرەنسای لە پشتگیریی هەرێمی کوردستان کرد و دووپاتی کردەوە کە گەلی کوردستان ڕێز و پێزانینی بۆ دۆستایەتی و پشتگیریی فەرەنسا هەیە و خوازیاری پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکانیەتی لەگەڵ فەرەنسا.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە 2019/9/8 لە دیدارێکدا لەگەڵ بەڕێز ئۆلیڤیێ دیکۆتینی، کونسوڵی گشتیی تازەی فەرەنسا لە هەولێر، وێڕای پیرۆزبایی بەبۆنەی دەستبەکاربوونییەوە لە ئەرکی تازەیدا، هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست و هەموو پشتگیری و ئاسانکارییەکی بۆ دووپات کردەوە.

بەڕێزیان هەروەها ئاماژەی بە ڕۆڵی سەرۆک ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا کرد لە پشتگیریکردنی هەرێمی کوردستان و هەوڵەکانی بۆ دەسپێکردنەوەی دیالۆگی هەولێر ـ بەغدا کە لە ئەنجامدا هەردوولا توانییان هەنگاو بۆ ئاسانییکردنەوەی پەیوەندییەکان و چارەسەرکردنی هەندێ لە کێشەکان بنێن، هەوەرها پشتگیریی خۆی بۆ هەوڵەکانی فەرەنسا لەپێناو چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان لایەنە سیاسییە کوردییەکان لە کوردستانی سووریا دەربڕی.

لە دیدارەکەدا هەردوولا تیشکیان خستە سەر دۆخی ئەمنی، سیاسی و ئابووریی عێراق و جەختیان لە گرنگیی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامیگیری بەتایبەتی لە ناوچە جێناکۆکەکان کردەوە.

بەڕێز کونسوڵی گشتیی فەرەنسا لە هەولێر سوپاس و پێزانینی ولاتەکەی بۆ هاوکاری و یارمەتییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئاوارە و پەنابەران دووپات کردەوە، هەروەها تیشکی خستە سەر سەردانی چاوەڕوانکراوی سەرۆکی فەرەنسا ئیمانوێل ماکرۆن بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان.



نێچیرڤان بارزانی داکۆکی لە پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا دەکاتەوە

شاندی HDP: گەلی کورد خوازیاری ئاشتی و چارەسەری ئاشتیانەیە

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دووپاتی کردەوە کە ئێستا کاتی ئاشتییە و پرسی کورد لە تورکیا دەبێ لە ڕێگەی ئاشتییەوە چارەسەر بکرێت، چونکە شەڕ هیچ شتێک چارەسەر ناکات و نابێت هیچ دەرفەتێک بۆ ئاشتی لە تورکیا لەدەست بدرێت.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لە دیدارێکیدا لەگەڵ شاندێکی پارتی دیموکراتی گەلان HDP بە سەرۆکایەتیی بەڕێز سەزائی تەمەللی، هاوسەرۆکی HDP کە پێشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە 2019/9/8 لە هەولێر بەڕێوەچوو، جەختی لەوە کردەوە کە لە هەوڵەکانی بۆ دەستپێکردنەوە و دانەپاوی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش.

سێیەم: حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ پابەندبوون بەو ئیلتیزاماتە دەستوورییانەی کە لە ئەستۆیدایە، لە هەمانکاتدا بە هیچ شێوەیەکیش سازیش لە سەر ماف و دەسەلاتەکانی لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا ناکات.

لە کۆبوونەوەکەدا ئاماژە بەوە درا کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە 30ی تەموزی 2019 سەرۆک و ئەندامانی لیژنە تەکنیکەکانی دەستنیشانکردووە و گفتوگۆکانیش لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی بەردەوامە لە سەر دۆسیەکانی دارایی و بودجە، نەوت وگاز، قەرزەکان، ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم. بەو ئاراستەیەی کە بتوانین بگەینە ڕێککەوتن لە سەر بودجەی فیدراڵی بۆ ساڵی دارایی 2020 و کارکردنی بەردەوام لە سەر چارەسەریی درێژخایەن بۆ ئەو دۆسیانە لە سەر بنەمای دەستوور و بەرژەوەندی هاوبەش و بە ڕەچاوکردنی پرنسیپەکانی شەراکەتی ڕاستەقینە و سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا بەردەوام دەبێت و لەم پێناوەدا هەرچی پێویست بێت، دریخی ناکەن.

لای خۆیەوە شاندی HDP وێڕای پیرۆزبایی لە سەرۆک نێچیرڤان بارزانی بۆ دەستبەکاربوونی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواست و سوپاسی هەوڵ و کۆششەکانی ڕابردوو و ئێستای بەڕێز نێچیرڤان بارزانییان بۆ ئاشتی کرد و دووپاتیان کردەوە کە ئاشتی لە بەرژەوەندیی تەواوی گەلانی تورکیادایە و گەلی کورد خوازیاری ئاشتی و چارەسەری ئاشتیانەیە. لە دیدارەکدا هەردوولا دۆخی ناوچەکە بەگشتی و چەند پرسێکی دیکەیان تاوتوێ کرد.

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانییەکانی پەرلەمانی عێراق کۆبوونەوە

مەسرور بارزانی: دەستبەرداری ماف و داخوازییە دەستوورییەکانمان نابین



ڕۆژی یەکشەممە 2019/9/8 کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لە نێوان سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی فراکسیۆنە کوردستانییەکان و ئەندامانی لیژنەی دارایی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنە کوردستانییەکان ئەنجامدرا.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، فراکسیۆنە کوردستانییەکانی لە ڕەوشی گفتوگۆی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی ئاگادار کردەوە و گوتی پێشکەوتن لە گفتوگۆکانمان لەگەڵ بەغدا هەیە و هیوادارین لە سەر بنەمای دەستوور کێشەکان چارەسەر بکرێن بە شێوەیەک پرنسیپەکانی، هاوبەشیی ڕاستەقینە و هاوسەنگی و سازان لە بەرچاو بگیرێن.

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکوک/ گەرمیان دەڵێت، بەشداریکردنی کورد بە یەک لیستە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک هەنگاوێکی باشە و پشتگیریی دەکەین، بەڵام پێویستە هەوڵ بدرێت هەڵبژاردن نەکرێت تاوەکو دۆخی کەرکووک ئاسایی دەبێتەوە و چاوەڕێی سکاڵای ئەوان بکرێت لە دادگای فیدراڵی، کە بڕیارە لەم مانگەدا یەکلایی بکرێتەوە. دیاری حوسێن، بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی نەوتی هەرێمی کوردستان و ئەو بڕە نەوتەی هەنارەدە دەکرێت و شایستە داراییەکانی کۆمپانیا نەوتییەکان و داهاتی مانگانەی نەوت کە بۆ مووچە خەرج دەکرێت، زانیاریی ورد وپێویست خرانە ڕوو. ئەم زانیاریانەش بەشێکە لە پرۆژەی وردبینی نەوت وگازی هەرێمی کوردستان کە لایەن کۆمپانیای نێودەوڵەتی (دیلۆیتDeloitte) ئامادەکراوە و سیاسەتی شەفاف و ئاشکرایانەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە لە بواری نەوت وگازدا.

دووەم: قەرزەکان: سەبارەت بە دۆسیەی قەرزەکانی هەرێمی کوردستان، لە کۆبوونەوەکەدا ئاماژە بەو قەرزانە درا کە لە ئەستۆی هەرێمی کوردستاندان و بەشێکە لە دۆسیەکانی گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی.

هۆکاری سەرەکی ئەم قەرزانەش دەگەڕێتەوە بۆ بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لە لایەن حکوومەتی بەغدا و ئەو قەیرانە دارایییەی بەو هۆیەوە دروستبوو، بەتایبەتی دابینکردنی خەرجی زیاتر لە دوو ملیۆن ئاوارە و شەڕی دژە تیرۆر.

سێیەم: بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی نەوتی هەرێمی کوردستان و ئەو بڕە نەوتەی هەنارەدە دەکرێت و شایستە داراییەکانی کۆمپانیا نەوتییەکان و داهاتی مانگانەی نەوت کە بۆ مووچە خەرج دەکرێت، زانیاریی ورد وپێویست خرانە ڕوو. ئەم زانیاریانەش بەشێکە لە پرۆژەی وردبینی نەوت وگازی هەرێمی کوردستان کە لایەن کۆمپانیای نێودەوڵەتی (دیلۆیتDeloitte) ئامادەکراوە و سیاسەتی شەفاف و ئاشکرایانەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە لە بواری نەوت وگازدا.

چوارەم: بودجە: حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ پابەندبوون بەو ئیلتیزاماتە دەستوورییانەی کە لە ئەستۆیدایە، لە هەمانکاتدا بە هیچ شێوەیەکیش سازیش لە سەر ماف و دەسەلاتەکانی لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا ناکات.

لە کۆبوونەوەکەدا ئاماژە بەوە درا کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە 30ی تەموزی 2019 سەرۆک و ئەندامانی لیژنە تەکنیکەکانی دەستنیشانکردووە و گفتوگۆکانیش لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی بەردەوامە لە سەر دۆسیەکانی دارایی و بودجە، نەوت وگاز، قەرزەکان، ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم. بەو ئاراستەیەی کە بتوانین بگەینە ڕێککەوتن لە سەر بودجەی فیدراڵی بۆ ساڵی دارایی 2020 و کارکردنی بەردەوام لە سەر چارەسەریی درێژخایەن بۆ ئەو دۆسیانە لە سەر بنەمای دەستوور و بەرژەوەندی هاوبەش و بە ڕەچاوکردنی پرنسیپەکانی شەراکەتی ڕاستەقینە و هاوسەنگی و سازان. لە کۆبوونەوەکەدا هەروەها ئاماژە بەو یاسایانەش درا کە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەردەچن و نەگونجاون لەگەڵ بنەماکانی دەستوور و سیستەمی فیدراڵی.

فراکسیۆنە کوردستانییەکان خۆشحاڵ بوون بەو کۆبوونەوانە و ئەو زانیاریە ورد وپێویستانەی خرانە ڕوو، بڕیاریش درا لە پێناو هەماهەنگی زیاتر کۆبوونەوەی نێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت.

پارتی یەکلیستیی لە کەرکووک پێ باشە بە مەرجێک دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە



جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک/ گەرمیان دەڵێت، بەشداریکردنی کورد بە یەک لیستە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک هەنگاوێکی باشە و پشتگیریی دەکەین، بەڵام پێویستە هەوڵ بدرێت هەڵبژاردن نەکرێت تاوەکو دۆخی کەرکووک ئاسایی دەبێتەوە و چاوەڕێی سکاڵای ئەوان بکرێت لە دادگای فیدراڵی، کە بڕیارە لەم مانگەدا یەکلایی بکرێتەوە. دیاری حوسێن، بە مانگەدا دادگای فیدراڵی تۆمار کردووە، بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لە کەرکووک نەکرێت، چونکە پێمان باشە هەڵبژاردن لە کەرکووک نەکرێت تاوەکو دۆخی کەرکووک ئاسایی دەکرێتەوە و ماددەی140 جێبەجێ بکرێت و ئەگەر هەڵبژاردنیش کرا، باشترە کە کورد بە یەک لیست بەشداری بکات. دیاری حوسێن ڕاشیگەیاندووە: لەم دۆخەی ئێستادا ئەگەر هەڵبژاردن لە کەرکووک نەکرێت لە بەرژەوەندیی کورددایە، چونکە دۆخی کەرکووک ئاسایی نییە و پێویستە ئاسایی بکرێتەوە و ئینجا هەڵبژاردن بکرێت و کوردیش بەیەک لیست بەشداری بکات، ئەوکات لە بەرژەوەندیی کورد دەبێت.

حوسێن باسی لەوەش کردووە: دانوستانەکانیش بەردەوامن بۆ ئەوەی دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە و چاوەڕێی بەغدا دەکەین، هەنگاو بنێت بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک. گوتیشی: بڕیارە لەم مانگەدا دادگای فیدراڵی لەبارەی سکاڵای ئێمەوە کۆ بێتەوە و ئەو سکاڵایە یەکلایی بکاتەوە.

ئەمەش لە کاتێکدایە، دوێنێ دووشەممە لایەنەکانی کورد لە کەرکووک کۆبوونەوەیەکیان کرد و تێیدا بڕیاریان دا کە لە کەرکووک کورد بە یەک لیست بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا بکات.

وەزیری نەوتی عێراق: کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ کوردستان گەیشتوونەتە قۆناغی پێشکەوتن



وەزیری نەوتی عێراق ڕایدەگەیەنێت، کە کۆبوونەوەکانی نێوان حکوومەتەکەی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، گەیشتوونەتە قۆناغی پێشکەوتن. سامر غەزبان، وەزیری نەوتی عێراق بە میدیاکانی ولاتەکەی ڕاگەیاندووە، لە مانگی داهاتوو "مانگی 10ی 2019" ولاتەکەی دەست بە کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت دەکات. سامر غەزبان لەبارەی کێشە نەوتییەکانی نێوان حکوومەتەکەی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، رایگەیاندووە، کۆبوونەوە و دانوستاندنی جددی لەنێوان هەردوو حکوومەت ئەنجام دراون و گەیشتوونەتە قۆناغی پێشکەوتن. وەزیری نەوتی عێراق ئاماژەی بە گەشبینیی خۆی کردووە لە گەیشتن بە ڕێککەوتن و داڕشتنی سیاسەتێکی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتیی هاوبەش لەنێوان عێراق و هەرێمی کوردستان.

کەرکووک... پارتە کوردستانییەکان بە لیستی هاوبەش بەشداری هەڵبژاردن دەکەن

شێخ سدیق: لە ئێستادا یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی پارتە سیاسییە کوردستانییەکان زۆر گرنگە



خەبات-ئارام شێرکۆ

پارتە کوردستانییەکانی کەرکووک رایانگەیاند کە لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون بە لیستی هاوبەش بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بکەن.

دوێنێ دووشەممە پارتە کوردستانییەکانی کەرکووک بە مەبەستی گفتوگۆکردن سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و دوای کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەکەش پارتە کوردستانییەکان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییان سازکرد و رایانگەیاند کە ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی بە یەک لیست لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکەدا، بەشداری بکەن و لیستەکەش ڕەنگدانەوەی خواستی شەقامی کوردییە لە کەرکووک.

شێخ سدیق بەرپرسی کۆمیتەی کەرکووکی حزبی شیوعی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا گوتی: لە ئێستادا یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی پارتە سیاسییە کوردستانییەکان زۆر گرنگە و دەبێت بە هەموو شێوەیەک خۆمان ئامادە بکەین بۆ پرۆسەکە و سەرکەوتنی لیستەکەمان، چونکە ئەوە خەمی هەموو تاکێکی کوردی شارەکەیە، گوتیشی: تاکو ئێستا بە خۆشحاڵییەوە هەموو پارتە سیاسییەکان بەشدارن و بڕیارماندا بۆ ئەوەی بە یەکلیستی بەشداری لە پرۆسەکە بکەین، ئەگەر وانەبێت ئێمە دووچاری زیانێکی گەورە دەبین و بەشێکی زۆر لە دەنگەکانمان دەفەوتێن. شیخ سدیق گوتیشی: داوا لە دانیشتووانی کەرکووک دەکەین بچن سەردانی بنکەکانی دەنگدان بکەن بۆ ئەوەی بایۆمەتری خۆیان تەواوبکەن. دەمانەوێت لەگەڵ یونامیش کۆبینەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک و ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە و پێویستە پارتە سیاسییە کوردستانییەکانیش هەڵبژاردنی لوتکە بکەن بۆ پاڵپشتی ئەم بڕیارانەی ئێمە.

ئیبراهیم خەلیل بەرپرسی مەڵبەندی کەرکووکی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسان گوتی: ئێمە تاکو ئێستا لە هەوڵی ئەوەداین ئەو پرۆسەیە دوابخرێت، بەڵام ئەگەر هەر بەڕێوەچوو، ئێمە بە یەکلیستی بەشداری پرۆسەکە دەکەین و هەموو کارێکیش دەکەین بۆ سەرکەوتنی لیستەکەمان. ئیبراهیم خەلیل گوتیشی: دیاریکردنی ناوی لیستەکە بە بڕیاری هەموو لایەنەکان بووە، هەروەها گوتیشی: هەڤاڵانی پارتیش بڕیارە بەشداربن لەو یەک لیستییە کە ڕاگەیاندراوە، ئێمە هەموو پەرۆشی ئەوەین کورد سەرکەوێت لە شارەکەدا نەک حزبەکان.

ڕێککەوتنی پارتە کوردستانییەکانی کەرکووک بۆ بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان حەوت خاڵ لەخۆدەگرێت کە بریتین لە:

1- سەرجەم پارتە بەشداربووەکانی کۆبوونەوەکە بڕیاریاندا لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە کەرکووک بە یەک لیستی هاوبەش بەشداری بکەن بەناوی لیستی کەرکووکی کوردستانی.

2- داوا لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەکەین لە نزیکترین دەرفەتدا کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجام بدات و کاندیدی لیستی برایەتی وەک پارێزگاری کەرکووک ناوزەد بکات.

3- بەردەوامی بە کۆبوونەوەکان دەدەین لەگەڵ یۆنامی بۆ پاڵپشتی ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک.

4- داوا لە سەرجەم هاونیشتمانیانی کەرکووک دەکەین بەتایبەتی کوردستانییەکان کە سەردانی ناوەندەکانی تۆماری بایۆمەتری بکەن و کارتی دەنگدان دەربکەن.

5- داوا لە سەرجەم سەرکردایەتی حزبە کوردستانییەکان دەکەین کۆبوونەوەی لووتکە بکەن بۆ پاڵپشتیکردن لەم بڕیارە.

6- جارێکی تر جەخت کرایەوە لە هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان.

7- جەخت لە پێکەوەژیانی ئاشتیانەی سەرجەم پێکهاتەکانی پارێزگای کەرکووک دەکەینەوە.



کونسوڵی گشتیی نوێی بەریتانیا سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتیی کرد

دوێنێ دووشەمە هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشوازیی لە بالیۆز جەیمس سۆرنتۆن، کونسوڵی گشتیی نوێی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان و، ڤینەی ئانیکات، بەرپرسی بەشی سیاسیی کونسوڵگەریی گشتی کرد.

سەردانەکە بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی پیرۆزباییی لە بالیۆز سۆرنتۆن کرد و ڕایگەیاند، دیاریکردنی دیپلۆماتێکی بەئەزموونی وەک بالیۆز سۆرنتۆن، کە لە هەمان کاتدا جێگری بالیۆزی وڵاتەکەیەتی لە بەغدا ئاماژەیەکی گرنگە، کە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا گرنگیی زۆر بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەدات.

لە درێژەی ئەو دیدارەدا بەڕێز سیوەیلی سوپاسی گەل و حکوومەتی بەریتانیای کرد بۆ هاوکارییە بەردەوامەکانیان هەر لە ساڵی 1991ەوە تاکو ئەمڕۆ و پاڵپشتی بەهێزی هەرێم بوون لە شەڕی دژی تیرۆر و هاوکارییە هەرێم بۆ کۆتاییهێنان بە گرفتەکانی سەر ڕێگای.

لای خۆیەوە جەیمس سۆرنتۆن، کونسوڵی گشتیی بەریتانیاش پشتگیری و هاوکارییە وڵاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە و جەختیشی کردەوە کە یەکێک لە ئەولەویاتی کارەکانی بالیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا و کونسوڵگەریی گشتی لە هەولێر چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر دەبێت بەپێی دەستووری فیدرالی. بەڕێز بالیۆز سۆرنتۆن ڕایگەیاند، کە هەوڵی تەواو دەدەن بۆ فراوانکردن و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەریتانیا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

یونادم یوسف کەننا:

دەسەڵاتی حەشدی شەعبی و چارەسەرنەکردنی کێشەکان هۆکاری سەرەکی نەگەڕانەوەی مەسیحییەکانی نەینەوان



خەبات - مەریوان نەقشبەندی

یونادم یوسف کەننا، سەرۆکی کوتلەی ڕافیدەین لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕەخنەی توند لە حکوومەتی عێراق دەگرێت و تەئکید دەکاتەوە کە بەناوی حەشدی شەعبییەوە بەزۆر پارە لە مەسیحییەکان وەردەگیرێت.

یونادم یوسف کەننا لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا باسی لە گرفتەکانی مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا دەکات و دەڵێت: حکوومەتی عێراق کەمتەرخەم و بەرپرسە لە نەگەڕانەوەی مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا، چونکە لە لایەک هێشتا حەشدی شەعبی دەسەڵاتی لەسەر زۆربەی ناوچەکانی سنووری پارێزگای نەینەوا و دەشتی نەینەوا هەیە و هیچ جۆرێکی ئاسایش و دڵنیایی نەداوەتە ناوچەکانی دەشتی نەینەوا بە تایبەتیش بەتنایا و تلکیف کە خەڵکەکەی نایانەوێت بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و کەمتر لە 2%ی دانیشتوانە مەسیحییەکەی ئەم شوێنانە گەڕاونەتەوە.

سەرۆکی کوتلەی ڕافیدەین لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە درێژەی لێدوانەکەیدا پرسیار دەکات ئاخۆ بۆچی ئەو ناوچانەی شەبەکی شیعەیان لێیە گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان و ئاسایشیان پارێزراوە؟ بەڵام مەسیحییەکانی ئەو ناوچانە لە 1000 فەرمانبەری حکوومەت کە مەسیحین هێشتا نەیانهێشتووە 50 کەسیان بگەڕێنەوە سەر کارەکانی خۆیان و ئێستاش خەڵکی تر بەناوی حەشدی شەعبییەوە هاتوون لە شوێنەکانیان کار دەکەن و بڕیار دەدەن. جگە لەوەش ئێستا زۆربەی کەسوکاری ئەو داعشانەی کە مەسیحی و ئێزیدییەکان و خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکەیان جینۆسایدە و دەربەدەر کرد، ئێستا هەر لە دەشتی نەینەوا و مووسڵ ماونەتەوە و حکوومەتی عێراق نایەوێت ئەم کێشەیە و ئەم مەترسییە کۆتایی پێببێت. هەر لەم لێدوانە ڕۆژنامەنووسیەدا یونادم یوسف کەننا دەڵێت: هێشتا کێشەکانی حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی عێراق زۆربەی وەک خۆی ماوەتەوە و ئەمەش کاریگەریی سلبی لەسەر مەسیحییەکان و پێکهاتەکانی دەشتی نەینەوا دروستکردووە، بۆیە پێموایە ئەگەر کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر بکرێت ئەوا پرۆسەی گەڕانەوەی مەسیحییەکانی ئەم سنووەر بۆ شوێنی خۆیان خێراتر دەبێت.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری لە گفتوگۆکانی UN تایبەت بە ڕێککەوتننامەی پاراستنی مافی کەمئەندامان دەکات



بڕیار وایە لە ڕۆژانی 10 و 11ی ئەیلوولی 2019 خولی بیست و دووەمی لێژنەی تایبەت بە مافەکانی کەمئەندامان لە بارەگای سەرەکی ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤ سەر بە نووسینگەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە جنێڤ ببەسترێت، بە مەبەستی گفتوگۆکردنی ڕاپۆرتی سەرەتایی عێراق تایبەت بە ڕێککەوتننامەی مافی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیی تایبەت، بۆ ئەم مەبەستەش شاندێکی هەرێمی کوردستان بە هاوبەشی لەگەڵ شاندی حکوومەتی فیدرالڵ بەشداری لەو گفتوگۆیانە دەکات.

لەم بارەوە د. دیندار زێباری سەرۆکی شاندی هەرێم و ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە بارەی پابەندبوونی هەرێمی کوردستان بەو ڕاسپاردانەی سەبارەت بە هەرێمی کوردستان لە لێژنەی ڕێککەوتننامەی پاراستنی مافی کەم ئەندامان و ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤ ئاماژەیان پێکراوە گوتی: پێکهاتوو لە چوارچێوی لێژنەی نیشتمانی نووسینەوەی ڕاپۆرتەکان بە مەبەستی خستنەڕووی پابەندبوونەکانی هەرێمی کوردستانە لەو ڕێککەوتننامانە. حکوومەتی هەرێم هەوڵ دەدات لە گفتوگۆکانی خولی بیست و دووەمی لێژنەی تایبەت بە مافەکانی کەم ئەندامان گشت ئەو ئەو یاسا و ڕێنمایی و هەنگاوە کردارییانە بخاتە ڕوو کە لە بواری پاراستن و خزمەتکردنی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت و کەم ئەندامان لە هەرێمی کوردستان کاریان پێدەکرێت.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە بارەی پابەندبوونی هەرێمی کوردستان بەو ڕاسپاردانەی سەبارەت بە هەرێمی کوردستان لە لێژنەی ڕێککەوتننامەی پاراستنی مافی کەم ئەندامان و ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤ ئاماژەیان پێکراوە گوتی: حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی مافی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندامان هەنگاوی زۆری ناوە کە بەشێکیان لە ئاست خواستی حکوومەت نین ئەمەش بە هۆی ئەو تەحەدیات و ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕووی هەرێم بوونەوە لە دوای شەڕی داعش و قەیرانی ئابووریبەوە و هاتنی زیاتر لە ملیۆن ئاوارە و پەنابەر بۆ هەرێم. بەڵام حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی مافی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندامان هەنگاوانەش بریتی بوو لە یاسای ژمارە (22ی ساڵی2011) یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت و ئەو ڕێنماییانە دواتر دەرچوون لە بوارەکانی (تەندروستی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، کار، پیشەیی، ڕۆشنبیری و وەرزشی).

هەوڵیداوە بەپێی ئیمکانیاتی بەردەست داخوازییەکانیان بۆ فەراهەم بکات. گرنگترین ئەو هەنگاوانەش بریتی بوو لە یاسای ژمارە (22ی ساڵی2011) یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت و ئەو ڕێنماییانە دواتر دەرچوون لە بوارەکانی (تەندروستی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، کار، پیشەیی، ڕۆشنبیری و وەرزشی).



شاندی هەدەپە سەردانی پەرلەمانی کوردستانی کرد

هێمن هەورامی: ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان باوەڕمان بە خەباتی ئاشتییانە هەیە

بە مەبەستی دیالۆگ لەسەر ڕەوشی کورد لە تورکیا و دروستکردنی پەیوەندی و هەماهەنگی بۆ بنیادنانی یەکێتیی نەتەوەیی، نیوەڕۆی ڕۆژی 2019/9/8 شاندێکی هەدەپە بە سەرۆکایەتیی سەزای تەمەللی هاوسەرۆکی هەدەپە و بە یاوەریی بەردان ئۆزتورک هاوسەرۆکی کەجەدە و پەرلەمانتاری ئاگری و فاتما کۆرتلان پەرلەمانتار و گوتەبێژی فراکسیۆنی هەدەپە و فەلەکناز ئۆجا پەرلەمانتاری ئیلاھ و نەزمی گور جێگری سەرۆکی هەدەپە و ئیمام تاشجیەر پەرلەمانتاری ئامەد و موزەیەن گونەش و عابد ئیکە نوێنەرانی هەدەپە لە هەرێمی کوردستان سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کرد و لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان و سەرجەم سەرۆک فراکسیۆنەکانی پەرلەمان پێشوازییان لێکرا. د. ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند: هەرێمی کوردستان بە گشتی و پەرلەمان بەتایبەتی پشتیوانیی خەباتی ئاشتییانەی هەموو گەلانە بە نەتەوەی خۆشمانەوە، هەروەها جەختی لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان بەرێگەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن کردەوە و باسی لە دۆخی هەرێمی کوردستانی کرد کە شەڕی داعشیان تەواو کردووە بە خوێنی سەدان گەنجی کوردستان لەگەڵ ئەوەش دۆژمنان هەمیشە چاویان بڕیوەتە هەرێمی کوردستان.

پاشان هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند: نەتەوەی کورد یەک نەتەوەیە و بەبێ ئیرادەی خۆی دابەشکراوە و هەر پارچەیەکیش تایبەتمەندیی خۆی هەیە و ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان باوەڕمان بە خەباتی ئاشتییانە هەیە و بە هەموو شێوەیەک دژی شەڕی کوردین بە کورد و لە پەرلەمانی کوردستان پشتیوانیی چارەسەری ئاشتییانە دەکەین و باوەڕمان بە برایەتیی گەلانی ناوچەکە هەیە و هەرێمی کوردستانیش قەوارەیەکی دەستووریی و پەرلەمان و حکوومەتی خۆی هەیە و ڕێز لە یاسا نێودەوڵەتییەکان دەگرێت و نابێت هیچ هێزێک دەستوەربدات لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان و ڕێگەنادەین خاکی هەرێمی کوردستان بۆ پەلامارادانی وڵاتانی دراوسێ بەکاربێت، هەروەها جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕاشیگەیاند: ئێمە دەزانین فاشیزم و ڕاسیزم هەیە لە ناوچەکە، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: ئێمە ڕانیی کوردستان نیگەرانیی پەرلەمانی کوردستانی ڕاگەیاند لەبارەی لەسەر کار لادانی سەرۆکی شارەوانییە کوردەکان و بەکارێکی نادیموکراسیی وسفکرد، کۆتایی قسەکانیشی پشتیوانیی لە خەباتی سیاسی و دیموکراسییانە کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد لە ناوخۆی تورکیا.



نوێنەرانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کرد

بە مەبەستی تۆکمەکردنی پەیوەندی و هەماهەنگییەکانیان ڕۆژی 2019/9/8 دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی د. ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و منی نبی قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان و ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمان، پێشوازییان لە نوێنەرانی فراکسیۆنە کوردستانییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە سەرۆکایەتیی د. بەشیر خەلیل حەداد جێگیر دووەمی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کرد.

لە دانیشتنێکدا بەتێروتەسەلی باس لەو کێشە و گرفتە یاساییانە کرا کە هەندێکیان دەنگیان لەسەر دراوە و هەندێکیشیان لە قۆناغی گفتوگۆکردنن و کاریگەریی نەرێنییان بۆ سەر هەرێمی کوردستان هەیە و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان کەمدەکاتەوە، د. ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند: لە ڕابردوو و ئێستاشدا لە هەوڵی بەردەوامین بۆ ئەوەی ئەو یاسایانە تێپەڕ نەکرێن، بەڵام بە پرەنسیپی زۆرینە و کەمینە بەشێک لەو یاسایانە تێپەڕکراون، بۆ ئەم مەبەستەش لە دادگای باڵای فیدراڵی داوای یاسایی تۆمار دەکەین. لە لایەن خۆیەوە هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وێڕای بەخێرهێنانی نوێنەرانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان رایگەیاند: پەرلەمانی کوردستان بە هەموو شێوەیەک لە پشتتانە و ئامادەیە هەموو هاوکارییەکی یاساییتان بکات.

بەڕپرسی لقی 12ی پارتی بۆ خەبات :

دەمانەوێت لە ڕێگەی وەرگرتنی پۆستە ئیدارییەکانی هەڵەبجەوە خزمەتی خەڵکی شارەکە بکەین

لەسەر بنەمای سیڤی بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پارێزگای هەڵەبجە دادەنێین

دەبێت لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا هەڵەبجە بکرێتە یەک بازنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن



گفتوگۆ/عەلی بانیشاری

بەڕپرسی لقی12ی پارتی لە هەڵەبجە دەڵێ: پاش پێکهێنانی ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجە، بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پارێزگاکە دادەنرێن. لەگفتوگۆیەکیدا لەگەڵ (خەبات) بەسام عەلی ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات پارتی لە ڕێگەی ئەو پۆستانەی کە لە هەڵەبجە وەریدەگرێت دەیەوێت خزمەتی خەڵکی شارەکە بکات. سەبارەت بە دروستکردنی ڕێگری لەبەردەم کاری بەڕێوەبەرەکان؟ ناوبراو دەڵێت: لەمپەر دروستکردن لەبەردەم کاری بەڕێوەبەرە گشتییەکان کارێکی ئاسان نییە. بەڕپرسی لقی12 پێشی وایە بە پێکهێنانی ئەنجوومەنی پارێزگا دەم و دەزگاکانی هەڵەبجە دەکەونە سەر پێی خۆیان.

سێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەری ناحیەیەک بەر پارتی دەکەون

بەسام عەلی، دەڵێ: لە پۆستە ئیدارییەکانی پارێزگای هەڵەبجە سێ بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەری ناحیەیەک بەر پارتی دەکەون. پێکهێنانی ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجە تەنها لەسەر بڕیاری وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێم وەستاوە. بەپێی زانیارییەکانی (خەبات) لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجە پێکدەهێنێت و وەزارەتی ناوخۆ ئەندامانی ئەنجوومەن کە لە 25 کەس پێکدێت دادەمەزرێنێت. 5ی ئەم مانگە لایەنە سیاسیەکانی هەڵەبجە ناوی بەرێژەرەکانیان ڕادەستی دیوانی پارێزگای هەڵەبجە کرد. لە کۆی 25 کورسی ئەنجوومەنی پارێزگا پارتی سێ کورسی بەردەکەوێت و بەرێژەرەکانی پارتیش پێکهاتوون لە ئەردەڵان ئەحمەد، شێنێ وشیار، کاروان ئەمین. بەڕپرسی لقی12ی پارتی، دەشڵێت: ناوی بەڕێوەبەری ناحیەکەمان ڕادەستی دیوانی پارێزگای هەڵەبجە کردووە. لەبارەی ناو ئەو سێ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەی کە لە هەڵەبجە بەر پارتی دەکەوێت؟ بەسام عەلی، گوتی: هێشتا یەکلا نەبووەتەوە کە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتیانەی بەر پارتی دەکەون کامانەن. گوتیشی: پاش پێکهێنانەی ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان لەناو ئەنجوومەنەوە دەستنیشان دەکرێن.

پارتی لە ڕێگەی سیڤییەوە بەڕێوەبەرە گشتییەکان دادەنێت

بەڕپرسی لقی12ی پارتی لە هەڵەبجە دەڵێت: سیڤی لە هەموو ئەو هەڤاڵانە وەردەگیرین کە تموحیان هەیە بەبنە بەڕێوەبەری گشتی لە پارێزگای هەڵەبجە و پاشان لەگەڵ سەرەوەی خزمان و باوەڕمان بە برایەتیی گەلانی ناوچەکە هەیە و هەرێمی کوردستانیش قەوارەیەکی دەستووریی و پەرلەمان و حکوومەتی خۆی هەیە و ڕێز لە یاسا نێودەوڵەتییەکان دەگرێت و نابێت هیچ هێزێک دەستوەربدات لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان و ڕێگەنادەین خاکی هەرێمی کوردستان بۆ پەلامارادانی وڵاتانی دراوسێ بەکاربێت، هەروەها جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕاشیگەیاند: ئێمە دەزانین فاشیزم و ڕاسیزم هەیە لە ناوچەکە، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: ئێمە ڕانیی کوردستان نیگەرانیی پەرلەمانی کوردستانی ڕاگەیاند لەبارەی لەسەر کار لادانی سەرۆکی شارەوانییە کوردەکان و بەکارێکی نادیموکراسیی وسفکرد، کۆتایی قسەکانیشی پشتیوانیی لە خەباتی سیاسی و دیموکراسییانە کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد لە ناوخۆی تورکیا.

گرنگی پێکهێنانی ئەنجوومەنی پارێزگا چییە؟ بەسام عەلی لەبارەی گرنگی ئەنجوومەنی پارێزگاوە؟

دەڵێت: لەبەر ئەوەی تائێستا هەڵەبجە بێ ئەنجوومەنی پارێزگا بووە بودجەی بۆ تەرخان نەکراوە. دەشڵێت: پاش پێکهێنانی ئەنجوومەنی پارێزگا دام و دەزگاکانی هەڵەبجە دەکەونە سەر پێی خۆیان و لەسەر ئاستی کوردستانیش وەکو پارێزگایەک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەوەی دەمێنێتەوە لەسەر ئاستی عێراقە کە پێویستە هەمووان پێکەوە هەوڵبدەین وەکو پارێزگا مامەڵە لەگەڵ هەڵەبجەدا بکرێت. ئەوەشی گوت: کۆمەڵێک ڕێگا هەیە لە ڕێگەی ئەنجوومەنی پارێزگاوە دەگیرێتە بەر، ئەگەر ئەنجوومەن نەبێت گرفتی ئیداری دروست دەبێت، بۆ نمونە تائێستا 8 بەڕێوەبەری گشتی لە هەڵەبجە بە وەکالەت بەڕێوە دەبرێن لەگەڵ پێکهێنانی ئەنجوومەن ئەوانە دەبنە بەڕێوەبەری گشتی. ناوبراو زیاتر لە بارەی گرنگی ئەنجوومەنی پارێزگاوە قسەی کرد و گوتی: دیاریکردنی بوودجە و چۆنییەتی خەرجکردنی ئەنجوومەنی پارێزگا دیاری دەکات، ئەنجوومەن دەسەڵاتی چاودێری بەسەر دام و دەزگاکانی پارێزگاکەوە هەیە، ئەنجوومەن لەسەر ئاستی کوردستان و عێراقیش دەتوانێت وەکو پارێزگا مامەڵە بکات.

دەبێت هەڵەبجە بکرێتە یەک بازنەی سەربەخۆیی هەڵبژاردن

بەڕپرسی لقی12ی پارتی دەڵێ: لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا دەبێت کاری جدی لەسەر ئەوە بکرێت پارێزگای هەڵەبجە بازنەیەکی سەربەخۆیی هەڵبژاردن بێت وەکو پارێزگاکانی دیکە و هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام بدرێت. بەسام عەلی گوتیشی: نابێت خەڵک پێی وابێت کە ئەنجوومەنی پارێزگا پێکهات ئیدی هیچ گرفتێک دروست نابێت، چونکە پارێزگاکانی دیکەش خاوەن ئەنجوومەنی خۆیانن و گرفتیشیان هەیە. بەپێی بەرکەوتەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2014 کورسی لایەنەکانی هەڵەبجە بەم شێوەیە: پارتی سێ کورسی، یەکێتی شەش کورسی، گۆڕان پێنج کورسی، یەکگرتوو چوار کورسی، کۆمەڵ سێ کورسی، بزوتنەوەی ئیسلامی دوو کورسی، شۆسیالیست یەک کورسی، کاکەییەکان یەک کورسی.

ڕوونکردنەوەیەک لە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان دەبێتە پێگەیەکی ئارام بۆ هەموو چەوساوەکان بەبێ جیاوازی

وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وەڵامی میدیا عەرەبی و لۆکاڵییەکانی دایەوە کە لە چەند ڕاپۆرتێکدا باسیان لە "بوونی پێنج هەزار دەستگیرکراوی کەرکووک" کردووە لە هەولێر و سلێمانی. بەم دواییانە هەندێک لە میدیا عەرەبی و لۆکاڵییەکان لە چەند ڕاپۆرتێکدا کە هیچ وردبینی و پیشەیی تیادا ڕەچاو نەکراوە، بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە پێنج هەزار دەستگیرکراوی کەرکووک لە گرتووخانەکانی هەولێر و سلێمانی بەندکراون. لە ڕاپۆرتەکاندا، ئەو میدیایانە کۆمەڵێک زانیاری و ژمارەی چەواشەکاری و نادروستیان بڵاوکردووەتەوە، بۆ ئەوەش پشتیان بە لێدوان و قسەی دوور لە ڕاستی و نابەرپرسانەی کەسانێک بەستووە، کە بەردەوام بێدەنگ بوونە لە بارودۆخە سەختەکان، تەنانەت لەو کاتانەی کە ناوچەکە خەریک بوو بکەوێتە بندەستی دڕندەترین دوژمن لە مێژووی نوێی مرۆڤایەتییدا کە (داعش) بوو، ئەگەر پێشمەرگە و ئاسایش نەبوایە.

لەوبارەوە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و تیادا وەڵامی ڕاپۆرتەکانی میدیا عەرەبی و لۆکاڵییەکان دایەوە و جەخت لەوە دەکاتەوە، زانیارییەکانی نێو ئەو ڕاپۆرتانە بێ بنەمان و ناوە ناوە دووبارە دەبنەوە. داواش لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کردووە کە بە تەواوی لە بڵاوکردنەوەی ئەو ڕاپۆرتانە وردبن کە پێشوەختە لە لایەن کەسانێک ئامادەکراون بۆ ئەوەی ناوبانگی دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان بشێوێنن.

لەو ڕوونکردنەوەکەی وەزارەتی ناوخۆ ئاماژە بەوە کراوە، بانگەشەکان سەبارەت بە دەستگیرکردنی دانیشتوانی کەرکووک و ناوچەکانی دیکە لە گرتووخانەکانی هەرێم دوورن لە ڕاستییەوە و هیچ بنەمایەکیان نییە، دەرگای گرتووخانەکانیش لەبەردەم ڕێکخراوە مرۆییەکان و مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی و لۆکاڵی کراوەیە بۆ ئەو مەبەستە.

لە ڕوونکردنەوەکەدا هاتووە: بەداخەوە ئەوانەی ئەو جۆرە تۆمەتە بێبنەمایانە دەبەخشنەوە، پشت بە بانگەشەی کەسانی وەکو ڕاکان جبووری دەبەستن، کە تەواوی ڕێکارەکانی پێچەوانەی دەستوور و یاسا و نەریتەکانە لە تەعریب و دەربەدەرکردن، داگیرکردنی زەوی و زار و دەستبەسەرداگرتنی موڵک و مااڵی پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکووک.

لە کۆتایی ڕوونکردنەوەکەدا، وەزارەتی ناوخۆ گوتوویەتی: بۆ هەموو لایەک دووپاتیدەکەینەوە، ئەو جۆرە لێدوانە نەرێنییانە، تەنها ڕەنگدانەوەی لەسەر خودی ئەوانە هەیە کە بڵاویان کردووەتەوە و هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئیرادەی ئێمەدا نابێت، بەڵکو پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر مانەوەی بەهێزتر دەکات، هەر وەکو بەڵێنماندابوو، هەرێمی کوردستان دەبێتە پێگەیەکی ئارام بۆ هەموو چەوساوەکان بەبێ جیاوازی.

لەم مانگەدا حکوومەت ڕۆژانە 18 کاتژمێر کارەبا بە هاووڵاتیيان دەدات



بەڕێوەبەری گشتیی کۆنترۆڵی کارەبای هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت:

3500میگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنن و خواستیش لەسەر 4500 میگاواتە.

دەشڵێ: لەم مانگەدا بە تێکڕا دەتوانن ڕۆژانە 18 کاتژمێر کارەبا بە هاووڵاتیيان بدەن.

ئومێد ئەحمەد، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندوە: وەزارەتی کارەبا بەردەوامە لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی بۆ فراوانکردنی تۆڕەکانی کارەبا و هەروەها زیادکردنی بەرهەمهێنان و ڕێگەگرتن لە بەفیڕۆچوونی کارەبا.

تا کۆتایی ئەمساڵ
شەقامی 120 مەتری بە تەواوی دەکرێتەوە



سەرپەرشتیاری دروستکردنی شەقامی 120مەتریی شاری هەولێر رایگەیاند: کارکردن لە شەقامی 120مەتری بەردەوامە و بڕیارە تاوەکو کۆتاییی ئەمساڵ تەواوی شەقامەکە بە ڕووی شوفێراندا بکرێتەوە، کە درێژییەکەی 38کم دەبێت.

سەرتیپ قادر، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: کارکردن لە شەقامی 120مەتری کە بە شێوەی بازنەیی بە دەوری شاری هەولێردا دەسووڕێتەوە و درێژییەکەی 38کم دەبێت بەردەوامە و ئێستا 11کم ماوە و بەردەوام کاری تێدا دەکرێت بۆ ئەوەی بتوانن لە ماوەیەکی کەمدا تەواوی بکەن و تەواوی ڕێگاکە بکەوێتە خزمەت هاووڵاتیيان و شوفێرانەوە.

سەرتیپ قادر گوتیشی: بڕیارە تاوەکو کۆتاییی ئەمساڵ تەواوی شەقامەکە بکرێتەوە و بەردەوام کاری تێدا دەکرێت بۆ ئەوەی بتوانن لە ماوەیەکی کەمدا تەواوی لژێر چاڤدێریا و ب بەرهەڤبوونا ڕەمزی شەعبان بەرپرسێ مەکتەبا کارگێری و دارایی یا مەکتەب سیاسی یا پارتی دیموکراتی کوردستان و شاندەکا یاوەر و سەباح بەیتوللا بەرپرسێ لقێ 9و مازن محەمەد سەعید دەڤەردارێ ئاکرێ و بەرپرس و نوێنەرێن سازیێن حزبی وحکومی و ڕێکخراوێن جەماوری و پیشەیی بەرێ بنیاتێ ئاڤاکرنا ئاڤاهیێ بارەگایێ لقێ 9 یێ نوی ل سەتەرێ ئاکرێ هاتە دانان و کو ئەڤ بارەگایە ڕاستەوخو و ب سەرپەرشتیا مەکتەبا کارگێری و دارایا مەکتەبا سیاسی و بەرپرسێ لقێ 9 تێتە ئاڤاکرن و تا نوکە ژی ئاڤاکرنا ڤی ئاڤاهی قوناغەکا باش بری یە و کارکرن تێدا ژی یا بەردەوامە.

بەرێ بنیاتێ ئاڤاکرنا ئاڤاهیێ بارەگایێ لقا 9 هاتە دانان





سەردانی چینوتوێژەکانی کوردستان بۆ سەر مەزاری نەمران لە بارزان بەردەوامە

سەردانی چینوتوێژەکانی کوردستان بۆ سەر مەزاری نەمران لە بارزان بەردەوامە، ڕۆژانە بە دەیان هاووڵاتی و شاند لە شار و شارۆچکەکانەوە بۆ نوێکردنەوەی سۆز و پەیمان بۆ ڕێبازی پیرۆزی بارزانی سەردانی مەزاری نەمران لە بارزان دەکەن. دوێنێ شاندێکی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان ـ دهۆک، سەردانی مەزاری نەمرانیان لە بارزان کرد، دوای پێشوازی لێکردن لە لایەن نوێنەری سەرۆک بارزانییەوە، تاجەگوڵینەیان لەسەر مەزاری نەمران دانا و باسیان لە خەبات و تێکۆشانی بارزانی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشەزیندوو کرد. هەروەها ڕۆژی پێشووش شاندێکی عەشیرەتی کارەش سەردانی مەزاری نەمرانیان لە بارزان کرد. سالانە بە هەزاران هاووڵاتی و بەرپرسانی حزبی و حکوومیی وڵاتانی جیهان و پارچەکانی دیکەی کوردستان و شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان سەردانی مەزاری نەمران لە بارزان دەکەن، دوای دانانی تاجەگوڵینە، سۆز و پەیمان بۆ ڕێبازی بارزانی نەمر و پارتی دووپات دەکەنەوە و بەڵێن دەدەن تا ماون لەسەر ئەم ڕێبازە دڕێژە بە خەبات و قوربانیدان بدەن، تا بە ئاواتەکانیان دەگەن.

پرسەو سەرەخۆشی

بەڕێزان خانەوادەی چیایی موسلیح

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی میدیاکار و وێنەگری کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی چیایی موسلیح، کە بەداخەوە سەرلەبەیانی ڕێکەوتی 8ی9ی 2019بە کارەساتێکی دڵتەزێن گیانی سپارد. بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و تەواوی کەسوکار و هەڤاڵ و هاوکارانی خوالێخۆشبوو دەکەین و شەریکی خەمتانین. لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

سوپاس و پێزانین

بە نێوی خودای میهرەبان

ئێمە وەک بنەماڵەی خوالێخۆشبوو مامۆستا موحەمەد ئیمامی، سپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی سەرۆک بارزانی دەکەین، کە ئێمەیان بە سەرکردەوە و پەیامی پرسە و سەرەخۆشیان، ئاراستەی کۆڕی ماتەمینی کەڵەپیاوی ئایینی و نیشتمانی کورد، مامۆستا ئیمامی کرد و هاوخەمی خۆیان دەربڕی.

بەڕێزیان هەمیشە پاڵپشتی گەلی کورد بوون، بە تایبەت لەم کاتە هەستیارەدا کوردی ڕۆژهەڵاتیان لە بیر نەکرد و بە پەیامیان مەرهەمیان خستە سەر ئەو برینە قوواڵ و کاریبە. هیوادارین، خودا بۆ گەلی کورد بیانپارێزێ و لە هەموو بوارەکاندا سەرکەوتوو بن.

بنەماڵەی مامۆستا موحەمەد ئیمامی
کامیل شەریف پوور

ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر نووسراوێک بۆ گەڕاندنەوەی پاشەکەوتی مووچە ئاراستەی حکوومەت دەکا

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر ڕایگەیاند، لە هەوڵەکانیان بەردەوام دەبن تا ئەو کاتەی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە.

سەرۆکی ئەنجوومەنەکەش ئاشکرای کرد کە لەمبارەیەوە نووسراوێک ئاراستەی حکوومەت دەکەن.

کەنعان خەیلانی، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر ڕای گەیاند: پڕۆژەی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران سێ ساڵ لەمەوبەر لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە بە هاوبەشی لەگەڵ پارێزگاکانی دهۆک و سلێمانی پێشکەش کراوە کە چۆن بتوانرێت پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران ڕێک بخرێتەوە.

ڕوونیشی کردەوە: ئەو پڕۆژەیە وردەکاریی زۆری تێدا بوو، کە هەم لە بەرژەوەندیی هاووڵاتیيان و هەم لە بەرژەوەندیی حکوومەتیش بوو، بەڵام بڕیاری کۆتایی دواتر دەبێ حکوومەت بیدات و ئەوەی لەبەردەم ئەنجومەنە تەنیا ئەوەیە بەپێی یاسا پڕۆژە یاسا پێشنیار بکەین و پێشکەشی حکوومەتی بکەین.

کەنعان خەیلانی لە چاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی زاری کرمانجی باسی لەوە کردووە کە ئێستاش ئەوان چاوەڕوانن لە کابینەی نوێەمی حکوومەتدا ئەو پڕۆژەیە تاچەند گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

گوتیشی: ئەگەر کات گونجاو بێت، حکوومەت گفتوگۆی لەسەر دەکات و ئەگەریش پێویست کرا دووبارە ئێمە وەکو ئەنجومەنەکان ئامادەین لەگەڵ وەزارەتی دارایی و سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران و هەر لایەنێکی پەیوەندیدار کە پێویست بکات، لەسەر ئەو بابەتە گفتوگۆ بکەین.

ئاماژەی بەوەش کرد: بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو ئەوە بووە کە لە هەموو سێکەتەرەکاندا خزمەتی هاووڵاتیيان بکات و ئەوەش یەکێک لەو بابەتانەیە لەسەر ئاستی حکوومەت کە ئەگەر چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، خزمەتی هاووڵاتیيان دەکات.

دووپاتیشی کردووەتەوە کە تا پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران دەگەڕێتەوە، لە هەولەکانیان بەردەوام دەبن.

هەر لەمبارەیەوە عەلی ڕەشید، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر بە باسنیوزی ڕاگەیاند، بڕیارە بە نووسراوێک جارێکی دیکە لەبارەی گەڕاندنەوەی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران، حکوومەت ئاگادار بکەنەوە.

باسیشی لەوە کرد کە دەبێت حکوومەت میکانیزمی گەڕاندنەوەی پاشەکەوتی مووچە دیاری بکات و سیستەمی بایۆمەتریش ڕۆڵی خۆی لە پڕۆلێنکردن و زانیاریی ورد لەسەر مووچەکان دەگێڕێت.

لە دوای بڕینی بوودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هۆی بوونی قەیرانێکی قورسی دارایی، بەشێک لە مووچەی فەرمانبەرانی پاشەکەوت کرد.

چەمچەماڵ.. باوک و کوڕێک لە بەنزینخانەیەک سووتان



جێگری بەڕێوەبەری تەندروستیی چەمچەماڵ، سووتانی باوک و کوڕێکی لە بەنزینخانەیەک ڕاگەیاند. ئەیووب حەمەغەریب، جێگری بەڕێوەبەری تەندروستیی چەمچەماڵ، بە ماسنیوز ڕاگەیاند: سەرلەبەیانیی دوێنێ دووشەمە 9ی9ی 2019لە کاتی کارکردندا لە بەنزینخانەیەک ئاگر لە میرمندالێکی تەمەن 13 ساڵ بەناوی پەیوەند کارزان کاکەخان بەر بووە. گوتیشی: باوکی میرمندالەکە بەناوی کارزان کاکەخان چووە بەهانای کوڕەکەیەوە و بەو هۆیەوە ئەویش سووتاوە. ئاماژەی بەوەش دا کوڕەکە 35ی جەستەی سووتاوە و باوکیشی 8% جەستەی سووتاوە و هەردووکیان بۆ چارەسەرکردن، ڕەوانەی نەخۆشخانەی سووتاوی سلێمانی کراون.

وەزارەتی بازرگانی سکاڵا لەسەر بریکارەکانی خۆراک تۆمار دەکات



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

نەوزاد ئەدهەم بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم بۆ خەبات ڕوونیکردەوە: چەندین سکاڵای هاووڵاتیيان ئاراستەی بەڕایەتییەکانی بازرگانی شارەکان کراوە لەسەر وەرگرتنی پارەی زیادە لە لایەن بریکارەکانی خۆراک بەڵام ئەو سکاڵایانە بەڵگەیان لەگەڵدا نییە و تەنها قسەیە بۆ ئەوەی مەبەستەش چەند لیژنەیەکی جیاواز لە چاودێری بازرگانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک ڕاسپێردراوە تا لە نزیکەوە لێکۆڵینەوە لەو کارەدا بکەن کە بریکارەکان ئەنجامی دەدەن و ئیجراتاتی پێویستیش دەگیرێتەبەر و هەر کەسێک بە بەڵگەوە بیسەلمێنێت کە بریکارێکی خۆراک پارەی زیادەی وەرگرتووە ڕاستەوخۆ بریکاری خۆراکەکە ڕووبەڕووی یاسا دەبێتەوە و سزای دارایيش دەدەرێت و بۆ جاری دووەم کارەکەی دووبارە بکاتەوە ئەوا لە پیشەکەی دوور دەخرێتەوە.

شایانی باسە حکوومەتی هەرێم لەکاتی وەرگرتنی بەشە خۆراکی مانگانە بۆ هەر کەسێک بڕی 500دیناری دیاری کردووە و نابێ پارەی زیاتر لە هاووڵاتیيان وەرگیرێت.

پارێزگای هەولێر پێویستی بە نزیکەی 100 ملیۆن لیتر نەوتی سپی هەیە

بەبڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم دابەشکردنی نەوت دەست پێدەکات

بەڕێوەبەری سووتەمەنی هەولێر بۆ «خەبات»: هەرکە نەوت گەیشت دەمودەست لە ناوچە شاخاویەکان دەست بە دابەشکردنی دەکەین





ڕاپۆرت/ فاتیح بەرزنجی

هەموو ساڵێک بەڕێوەبەرایەتی سووتەمەنی هەولێر بەرلە هاتنی وەرزی زستان لە ناوچە شاخاوییەکان دەست بە دابەشکردنی نەوت دەکرێت، بەگوتەی ئەندازیار ئاری کاکە شین سابیر بەڕێوەبەری سووتەمەنی هەولێر: ئێمە هەموو ساڵێک بەر لەوەی وەرزی سەرمای زستان بێت لە ناوچە شاخاوییەکان دەست بە دابەشکردنی نەوت دەکەین، بۆیە لە ناوچە دوورە دەست و شاخاوییەکان دەست بە دابەشکردنی نەوت زیاتر بگاتە دەستمان ئەوا لەناوشاریش دەست بەدابەشکردنی دەکەین، بۆ ئەمساڵیش سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا بەرلەهاتنی وەرزی زستان دابەشکردنی نەوت دەست پێ بکات، ئەویش لە دوایین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران بوو کە ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی ڕاسپارد بەرلەهاتنی سەرمای زستان نەوتی سپی بەسەر هاوواڵتیانی کورستان دابەش بکرێ، ئەگەر نەوت هات ئەوا لەناوەڕاستی ئەو مانگە نەوت دابەشکردن دەست پێ دەکات و پارێزگای هەولێر پێویستی بە نزیکەی 100 ملیۆن لیتر نەوتی سپی هەیە.

ئەگەر نەوت هات یەکسەر دەست بە دابەش کردنی نەوت دەکرێت

حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگای هەولێریش لە ڕێگەی وەزارەتی نەوتی عێراقەوە هەوڵی دابین کردنی نەوتیان دەدا بۆ دابینکردنی نەوتی سپی دەدا بەڵام بەپێی قسەی بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی نەوت ئەو نەوتەی کە دەهات بڕەکەی زۆر کەم بوو بەشی ئەوەی نەدەکرد بۆ هەرمالێک بەرمیلێک نەوتی پێ بدەین هەوڵەکان بەردەوام بوون بۆ دابینکردنی نەوت هاوواڵتیان دیارە پارسااڵ بڕە نەوتێکمان بەدەست گەیشت و بەسەر هاوواڵتیانمان دابەشکرد ئەویش بریتی بوو لە 15% نەوت و بڕەکەش کەم بوو مایەی خۆشحاڵییە بۆ ئەمساڵ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بڕیاریدا بەدابەشکردنی نەوت بۆ هاوواڵتیان بۆ ئەو مەبەستەش ئێمە ئامادەکاری تەواومان کردووە بۆ دابەشکردنی نەوت و هەرکاتێک نەوتەکە گەیشتە دەستمان ئەوا ئامادین بە زووترین کات بەسەر هاوواڵتیانی دابەش دەکەین، ئەویش لە ناوچە شاخاویەکان دەبێت ئەو کاتەی کە زانیمان بڕەکە زۆرە ئەوا دەتوانین لەناو شاری هەولێریش دابەشی بکەین لە ڕێگەی بریکارەکانی خۆراکەوە لێرەوە دەمەوێت دەستخۆشی لە ئەندامانی پەرلەمانی کورد لە بەغدا بکەین کە هەوڵی جیدی دەدەن بۆ دابینکردنی نەوتی زیاتر بۆ هاوواڵتیانی کوردستان بەڵێنیان داوە کە کارەکان ئەنجام بدرێن بۆ زیادکردنی ئەو بڕە نەوتە جگەلەوە هەوڵ هەبوو کە بەزینیش دابین بکرێت ئەوانە هەوڵ بوون ئومێدەوارین کە هەوڵەکان بێ ئاکام نەبێت.

لە وان شوێنەواری پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر دۆزرایەوە

خەبات: باکووری کوردستان

لە کارەکانی هەڵکەندن لەو تەپۆلکەیەی کە دەکەوێتە باکووری قەڵای وان و لەسەر مۆڵەتی وەزارەتی کولتوور و گەشتیاریی تورکیا ئەنجامدەدرێت، دوو ژوور و چەند بەشێکی گۆزەیەک دۆزرانەوە، کە مێژووەکەیان بۆ پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

کارەکانی هەڵکەندن لەو تەپۆلکەیەی کە دەکەوێتە باکووری قەڵای وان و لەسەر مۆڵەتی وەزارەتی کولتوور و گەشتیاریی تورکیا ئەنجامدەدرێت، دوو ژوور و چەند بەشێکی گۆزەیەک دۆزرانەوە، کە مێژووەکەیان بۆ پێنج سااڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە دکتۆر ئەرکان کۆنیار دەڵێت: لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا چەند شتێکمان دۆزینەوە کە بۆ ئێمە چاوەڕوانەکراو بوون. دەستمان بە گۆزە و قاپە گڵینە بەکارهێنراوەکان، ماڵەکان، پاشماوەی پێکهاتەکانی پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەری وان گەیشت. ئەمە بۆ ئێمە ئێجگار چاوەڕوانەکراوبوو. چونکە لەماوەی 60 ساڵی ڕابردوودا، شتی لەوشێوەیە لە وان نەدۆزراونەتەوە.

کارەکانی هەڵکەندن لەلایەن تیمێکی 50 کەسیی، کە سەرجەمیان لە زانکۆ جۆراوجۆرەکان، زانا و شوێنەوارناسن، بە سەرپەرشتیی بەڕێوەبەری ناوەندی شوێنەوارناسیی و مێژوو لە ناوچەی وان، و مامۆستا لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی ئیستانبوڵ، دکتۆر ئەرکان کۆنیار لەو تەپۆلکەیەی کە دەکەوێتە باکووری قەڵای وان، درێژەی هەیە.

لەو کارانەدا کە پێشتر لەنێو ئەو تەپۆلکەیەدا ئەنجامدراون، پێکهاتەی مێژوویی وان و چەند شوێنەوارێکی سەردەمی ئاراراتییەکان دۆزرانەتەوە، دوو ژوور و چەند بەشێکی قاپێکی گڵین و گۆزەیەک دۆزرانەوە، کە مێژووەکەیان بۆ پێنج سااڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

لە لێدوانێکدا دکتۆر ئەرکان کۆنیار ئاماژەی بەوەکرد پشوودرێژانەترین کاری هەڵکەندنیان لە ناوچەکە بەڕێوەدەبەن.

ئەو جەختی لەوەکردەوە تەپۆلکەکە لە ڕووی مێژووی نیشتەجێبوونەوە گرنگیی ئێجگار زۆری هەیە و ڕایگەیاند: "لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا چەند شتێکمان دۆزینەوە کە بۆ ئێمە چاوەڕوانەکراو بوون. دەستمان بە گۆزە و قاپە گڵینە بەکارهێنراوەکان، ماڵەکان، پاشماوەی پێکهاتەکانی پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەری وان گەیشت. ئەمە بۆ ئێمە ئێجگار چاوەڕوانەکراوبوو. چونکە لەماوەی 60 ساڵی ڕابردوودا، شتی لەوشێوەیە لە وان نەدۆزراونەتەوە.

کۆمەڵگەی یەکەمین چاخی برۆنزیی، لە خانووی سێ مەتر چوارگۆشەی خشتدا ژیاون. بە ئاژەڵداریی و کەمێکیش بە کشتوکاڵەوە سەرقاڵ بوون.

تەنها خانووەکانیان نەکەوتووەتە بەردەستمان، بەڵکو دۆخی ژیانیان، خواردنەکانیان، قاپە گڵینەکان و گۆزەکانیان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای نوێوە، هەڵدەسەنگێنین".

دکتۆر ئەرکان کۆنیار باسی لەوەکرد لە میانی کارەکانی هەڵکەندندا، قاپی گڵین و گۆزەیان دۆزیوەتەوە کە هی 6-7 هەزار ساڵ لەمەوبەرن، و پاشماوەکانی قۆناغی حەوت هەزار ساڵ لەمەوبەر ورده ورده دەردەکەون و ئەمەش لە ڕووی شوێنەوارناسیی شارەکانەوە، مایەی دڵخۆشییە.



دکتۆر ئەرکان کۆنیار: لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا چەند شتێکمان دۆزینەوە کە بۆ ئێمە چاوەڕوانەکراو بوون







هەنگاونان بەرەو نووسینەوەی دەستووری کوردستان



8
مانپەروەر:
جەواد مستەفا ستوپەیی

سەرچاوەکانی یاسای دەستووری

سەرچاوەکانی یاسای دەستووری دابەش دەکرێن بۆ دوو جۆرە سەرچاوەی سەرەکی (وەک: ئایین، یاسادانان، نەریتی دەستوور) وە سەرچاوەی ڕاڤەکاری کە بریتین لە (یاساناسی - الفقه - و دادگەری). بەگشتی یاسای دەستوور پەیوەندی بە ژیان و بارودۆخی کۆمەڵگاوە هەیە، شێوازی هەرێەک لەم سەرچاوانە لە کاتێک بۆ کاتێکیتر و لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکیتر بەپێی چۆنییەتی گرنگی پێدان دەگۆڕێت. بۆ نمونە ئەگەر سەرچاوەیەکی ڕاڤەکاری گرنگییەکی زۆری پێ بدرێت دەگۆڕێت دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی، بە پێچەوانەشەوە سەرچاوەیەکی سەرەکی ئەگەر لەبەر هەر هۆکارێکی سیاسی یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا کەم گرنگی پێ بدرێت دەبێتە سەرچاوەیەکی لاوەکی یاخود ڕاڤەکاری. بۆ نمونە ئاین لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕۆڵێکی لاوازی لە یاساداناندا هەیە و بە سەرچاوەی سەرەکی دانانرێت، بەڵام لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا زور گرنگی بە ئایین دەدرێت و ڕۆڵێکی بالای هەیە، بۆیە بە سەرچاوەی سەرەکی یاسای دەستووری دەژمێردرێت. هەروەها دادگەری لە وڵاتانی ئەنگلو سەکسونی ڕۆڵێکی بالای هەیە، بۆ نمونە لە بەریتانیا پێشینەی دادەری بە سەرچاوەی سەرەکی یاسای دەستووری دادەنرێت، بەڵام دادگەری لە وڵاتانی لاتینی بە سەرچاوەی ڕاڤەکاری دادەنرێت و لە بواری یاسای دەستووریدا کەمتر گرنگی پێدەدرێت. هەروەها هەموو ئەمانەی باسمان کرد لە کاتێکەوە بۆ کاتێکیتر دەگۆڕێت، بۆنمونە لە وڵاتێکدا دادگەری بە سەرچاوەی ڕاڤەکاری دادەنرێت، بەڵام لە دوای ماوەیەک لە هەمان ئەم وڵاتەدا گرنگی زیاتری پێدەدرێت و دەگۆڕێت بۆ سەرچاوەیەکی سەرەکی. نمونەیەکیتر هەر لەکۆنەوە لە هەموو وڵاتان نەریت سەرچاوەی سەرەکی یاسای دەستووری بوو، بەڵام لە دوای پێشکەوتنی بزاڤی نووسینەوەی دەستوور و گرنگیدان بە دەستووری نووسراو، ڕول و گرنگی پێدانی نەریت کەمتر بووە و ئێستا کەم وڵات نەریت وەک سەرچاوەی سەرەکی بەکار دێنن، بەڵکو لە زۆربەی وڵاتان وەک سەرچاوەی ڕاڤەکاری بەکار دێنن. لەبەر گرنگی بابەتەکە لە خوارەوە باسی سەرچاوە سەرەکییەکانی یاسای دەستووری دەکەین.

سەرچاوە سەرەکییەکانی یاسای دەستووری:

1- یاسادانان:

یاسادانان بریتییە لە سەرچاوەیەکی فەرمی و سەرەکی بنەما یاساییە نووسراوەکان، کە بەپێی ڕێوشوێنی دیاریکراو لەلایەن دەستەیەکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە دەردەچن. لە کۆنەوە نەریت سەرچاوەی سەرەکی یاسای دەستووری وڵاتان بوو بەتایبەتی لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان لە دوای سەربەخۆ بوونی ئەمریکا لە دەست بەریتانیا لە ساڵی 1787 بزاڤی نووسینەوەی دەستوور دەست پێ کرد و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یەکەم دەستووری نووسراویان بو وڵاتە فیدراڵییەکەیان نووسییەوە، دوا بەدوای ئەو فەرەنسا لە ساڵی 1791 دەستووری نووسراویان نووسیەوە. دواتریش ئەم دیاردەیە لە وڵاتانی تری ڕۆژئاوا بڵاوبوبوەو بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدەیەمدا، قۆناغ بەقۆناغ دەستووری نووسراو شوێنی دەستووری نەریتی گرتەوە و تا ئەمڕۆ بایەخدان بە دەستووری نووسراو زیاتر دەبێت و کەمتر گرنگی بە دەستووری نەریتی دەدرێت. چونکە دەستووری نووسراو وەک بەڵگەنامەیەکی جێگیر سەیر دەکرێت و ماددە و برگەکانی بەدیاریکراوی و ڕون و ئاشکراتر دەردەکەون، کە ئەم سیفەتانە لە دەستووری نەریتیدا بەدی ناکرێت.

بەپێی پێوەری بابەتی یاسای جیاکردنەوەی (دین و دولەتە)، بۆیە هەر لەبەر ئەم هۆکارە لە وڵاتە ئەوروپییەکان ئایین سەرچاوەیەکی سەرەکی یاسای دەستووری نییە، بەڵکو سەرچاوەی لاوەکییە. بەڵام ئایینی ئیسلام بە پێچەوانەوە زیاتر گرنگی بە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگا دەدات، بۆیە لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی ئایین سەرچاوەی سەرەکی یاسای دەستوورییە. بەڵام لە هەمان کاتدا زاناکانی بواری یاسای دەستووری دوو مەرجیان داناوە بۆئەوەی ئایین ببێتە سەرچاوەی یاسای دەستووری، کە ئەم دوو مەرجە پەیوەستە بە هەموو ئاینەکانەوە، چونکە هەموو ئایینە ئاسمانییەکان لە بەرژەوەندی مرۆڤدا دابەزیون:

دەبێت ئایین بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بێت.

دەبێت ئایین باس لەو بنەما یاساییانە بکات ئەوانەی دادوەر بەکردەیی لە دادگاکان جێبەجێ دەکات،و ڕاستەوخۆ لە ئایینەوە وەرگیراون.

3- نەریت:

هەر لە کۆنەوە نەریت سەرچاوەیەکی سەرەکی یاسای دەستووری بوو لە دوای پەرە سەندنی بزاڤی نووسینەوەی دەستوور و پێشکەوتنی دەستووری نووسراو، دەستووری نووسراو شوێنی دەستووری نەریتی گرتەوە بەڵام هێشتا گرنگی زور بە نەریت دەدرێت و لە زۆربەی وڵاتان وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی یاسای دەستووری ڕۆڵی خۆی دەبینێت. بونمونە لە بەریتانیا دەستووری نەنووسراو واتە دەستووری نەریتییان هەیە و نەریت سەرچاوەیەکی سەرەکی یاسادانانە لەم وڵاتەدا.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی نەریت، لە بواری یاسای دەستووریدا باس لە جیاوازی نێوان دەستووری نەریتی و نەریتی دەستووری دەکەین:

نەریتی دەستووری بریتییە لە کۆمەڵێک بنەمای نەریتی بەڵام لە بەڵگەنامی دەستووردا دەنووسرێنەوە و وەک دەقەکانی دەستوور کاریان پێ دەکرێت. بەڵام دەستووری نەریتی بریتییە لە کۆمەڵێک بنەمای نەریتی کۆن کە لە هیچ بەڵگەنامەیەکی دەستووریدا نا نووسرێنەوە و وەک دەقەکانی دەستوور کاریان پێ دەکرێت. ئەوەش لەبیرمان نەچێت دەستووری نەریتی هەمیشە دەستووری نەرمن. کەواتە نەریت سەرچاوەی سەرەکی دەستوورە نەنووسراوەکانە، چونکە لەم دەستوورانەدا بنەماکان بە نەریت دادەنرێن و بە نەریتیش هەموار دەکرێن یان لادەبرێن.

سەبارەت دەستوورە نووسراوەکانیش سێ جۆرە نەریتی دەستووری هەن:

نەریتی ڕاڤەکەری دەستوور: کاتێ کە دەقێکی دەستوور ناڕوون و لێل بێت، یاسادانەر یاخود دادوەر دەگەڕێنەوە بو نەریتی دەستووری کە لە پێشدا ئەم حالەتە لە ڕووی پراکتیکییەوە چۆن چارەسەر کراوە، کەواتە لەم حالەتەدا نەریت دەبێتە سەرچاوەی ڕاڤەکاری دەستوور بو نەهێلانی ناڕونی لە دەقەکاندا. هەموو زاناکانی بواری یاسای دەستووری کۆکن لەسەر ئەم جۆرە نەریتانە و ئەم نەریتانەش بەشێکن لە دەستوور، لە کاتێکدا کە ئەم نەریتانە نە پێچەوانەی دەستوورن وە نە دەستوور هەموار دەکەن، لە هەمان کاتدا هەمان هێزی یاسایی دەقەکانی دەستووریان هەیە.

نەریتی تەواوکەری دەستوور: ئەم جۆرە نەریتانە ئەو حالەتانە ڕێک دەخات کە دەستوور باسی لێوە نەکردوون، یاسادانەر و دادوەرەکان دەگەڕێنەوە بو ئەم جۆرە نەریتانە و وەک دەقەکانی دەستوور کاریان پێ دەکرێت و هەمان هێزی یاسایی دەستووریان هەیە.

نەریتی هەموارکەری دەستوور: نەریتی هەموار کەری دەستوور دوو جور دەگرێتەوە، هەموار کردن بە زیادە خستنە سەر واتە کە بابەتەکە ڕاڤەکردن هەڵناگرێت جیاواز لە دەقە دەستووریەکانی پێشتر. ئەویتریش نەریتی هەموار کەری دەستوور بە کەمکردنەوە، واتە هەر نەریتێکی دەستووری ئەگەر بو ماوەیەکی دڕێژ جێبەجێ نەکرا ئەوا دەبێتە هۆی لاچوونی ئەم نەریتە، بونمونە لە دەستووری فەرەنسای ساڵی 1875 مافی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی دایتە سەرۆک کۆمار، بەڵام تائێستا سەرۆک کۆمار ئەم دەسەلاتەی بەکار نەهێناوە، کەواتە ئەم مافەی بو سەرۆک کۆمار نامێنێت. نمونەیەکیتر لە بەریتانیا لە ساڵی 1707وە پاشا لەکاتی پەسەند کردنی یاساکاندا هیچ یاسایەکی ڕەت نەکردیتەوە، کەواتە بەپێی نەریتی دەستووری پاشا مافی ڕەتکردنەوەی یاساکانی نابێت.

ئەڤرو ژی بشێن دێ مە ئەنفال و جینوساید کەن



ڕەمەزان نەسرەدین کێشلی

ناکوکیێن مروڤان ژبو پاراستنا گیان و بەرژەوەندیێن خو بەردەوامی هەیە، چ ل قوناغێن دەستپێکی بێن ژیانێ کو مروڤان هەمی هەول داینە خو ژ خوزا یان دەهبان ب پاریزێن و پەنا برینە بەر کومێن دی بێن مروڤان ئانکو لێ خرڤەبوون دروست دبو ب مەرەما خو پاراستنێ، ئەڤێ هزرێ گەشەکر تاکو ل سەر بنەمایێ ئەڤێ تیوریێ وەلات و دەولەت دروست بوین بەلێ چونکە وەکو (ئەرستو) دبێژیت مروڤ دناف خودا هەلگرێ تونديێ و هزرێن خرابە بەردەوام ناکوکی هەبوینە ژبو زال بوون ل سەر وەلاتێن بەرامبەر یان کونترول کرنا خێر و خێراتێن وان ب ناڤێن جودا..

د چ دەستوران دا نەهاتیە دڤێت هندەک مللەت بالا دەست بن و هندەک مللەت بن دەست بن و بێی ماف و دەولەت بن، د یاسایێن سروشتی دا هێزێ ڕولێ خو هەبویە دیسان د یاسایێن وەزعی دا مروڤان ڕول هەبویە بو داڕێشتنا ئەوان یاسایان لەورا ژی د گەلەک قوناغان دا مروڤ بەرەف توندرەوترین هزر و کار دچیت، مانا گیانێ دەولەتێ ئێکە ژ ئارمانجێن هەر حکومەتەکێ بەلێ حکومەتێن دکتاتور پەنایێ دبەنە هەمی کارێن هوڤانە بو مانا خو ب تایبەت ل ئەوان وەلاتێن پتر ژ مللەتەکی تێدا دژین نەخاسمە ئەگەر مللەتەک زورینە بیت و هەمی چەمکێن هێزا دەولەتێ د دەستێ وان دا بن هینگێ جینوساید کرن و ئەنفال کرن و کوشتن و هتد... دبنە ئارمانجا وان بو بن ئاخ کرنا هیڤیێن مللەتێن دی.

ئەنفال پروسەک بوو وەکو ئالاڤەک هاتیە ب کارئینان پێناڤ ئێک ئارمانج و ئەڤ ئارمانجە ژی نەهێلانا مللەتەکی بویە ب ناڤێ (کورد) ئانکو مەرەم ژ پروسێن ئەنفالێ قرکرنا مللەتێ کورد بویە لەورا هەر ئالاڤەکێ د دەستێ دوژمنان دا ئەوان بکارئینایە دژی کوردان بەلێ مللەتێ کورد مایە بەرامبەر وێ ڕوژ بو ڕوژێ ئەو دوژمن یێ گوربەگور دبن و ئەوا ژ دەستێ ئەوان نەهاتی نەشیاینە بکەن و ئەگەر ئەڤرو ژی ئەوان شیان هەبن دێ مە ئەنفال کەن. ڕاستی ژی دوماهیک جینوساید و ئەنفال، جینوسایدکرنا برایێن مە بێن ئێزدی بویە چونکە ل گور یاسا نیف دەولەتی ئەو هەمی کریارێن دژی برایێن ئێزدی هاتینە کرن جینوساید بویە بو نمونە:

ل سالا (1948) ڕێککەفتنێ دناڤبەرا ئەندامێن نەتەوەیێن ئێکگرتی دروست بویە ل سەر ناڤ ئینانا (ابادە الجماعیە) و پشتی سێ سالان (20) وەلاتان ئیمزا لسەر وێ ڕێککەفتنێ کرن و نوکە زێدەتر ژ ئیمزایێن (130) وەلاتان لسەر ئەڤێ ڕێککەفتنێ هاتینە کرن.

لگور بەندێ دووێ یێ ئەڤێ ڕێککەفتنێ هەر گروپەکێ ئەڤ بابەتە ژێ بگریت و ل سەر بهێتە چەسپاندن وی دەمی ئەو تاوان دێ ب (جینوساید) هێتە پێناسەکرن ژوانا:

* کوشتنا ب کوم یا گروپەکی چ ئەو گروپ وەکو مە ل سەری دیارکری ئایینی - نەتەوەیی - عرقی - سیاسی) بیت.
* زیان گەهاندنا جەستەی و ڕوحی بو گروپەکێ دەستنیشان کری.
* چەسپاندن یان هەر ڕەوشەکا دیتر ل سەر گروپەکێ دەست نیشان کری ب نەرازی بوونا وان ب مەرەما گهورینا ئیرادا وان.
* نەهێلانا پەیدابوونا زاروک بوونێ د ناف گروپەکی دا.
* ڤەگوهاستنا زاروکان ژ گروپەکی بو گروپەکێ دی بێ رازی بوونا وان.

ئەڤ هەمی حالەتە دژی ئێزدیان هاتینە بکارئینان و چ بەهانە بو جڤاکێ نیف دەولەتی نینێن کو ئەڤێ تاوانێ ب جینوساید نەهژمێرن وەکو دیار بریارا پەلەمانێ کوردستانێ ل (3/8/2019)ێ دا بو ب جینوساید ناسناندنا شنگالێ کارەکێ یاسایی و مروڤایەتی بویە ژبلی هندێ کو حکومەتا عێراقێ و لایەنێن پەیوەندیدار بەرپرسایەتیا وێ هەلدگریت بو قەربوکرنا برایێن ئێزدی چونکە دڤێت ئەم ژبیرنەکەین ئەو ڕولێ حکومەتا هەرێمێ گێرایی ب تایبەت بەرێز (نێچیرڤان بارزانی/ سەروک وەزیرێن بەرێ) ژبو رزگارکرنا پتر ژ سێ هزار خوشکێن مە یێن ئێزدی ژ دەستێن تیرورستێن داعش و پێشەوازی کرنا وان وەکو خودانێن کوردستانێ کو ئەڤرو پتر ژ (20) کەمپان بو هاتینە دروست کرن و ڕولێ خەلکێ کوردستانێ ژی یێ دیار بویە وەکو ئەرکەکێ نەتەوەیی و ئایینی و مروڤایەتی لێ تانوکە بریننێن شنگال ساریژ نەبوینە و پێویستە ئەڤ بریارا ژ پەرلەمانێ کوردستانێ دەرکەفتی ببیتە (رادعەک) بو پاراستنا هەمی پێکهاتێن نەتەوەیی و ئاینی ژ مەترسییێن جینوساید کرنا ئەوان چونکە فەرهەنگا کوشتن و ئەنفالکرنێ دناف مەژیێ وی خەلکی بەردەوامە.

31 هەمین ساڵیادی تۆمارکردنی داستانی خواکورک

داستانی خواکورک سەلماندی پارتی و ڕێبازی بارزانی هەرگیز ملکەچی داگیرکەران نەبوونە



2
کۆتایی

خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

داستانی خواکورک یەکێکە لەو داستانانەی کە توانی سەروەری بۆ میژووی پارتی دیموکراتی کوردستان و گەلی کوردستان تۆمار بکات، سەرکەوتنی داستانی خواکورک دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی ئازایانە و پێشمەرگانە و حەکیمانەی جەنابی سەرۆک بارزانی کە ڕاستەوخۆ شان بەشانی پێشمەرگە نەبەرد و قارەمانەکانی کوردستان بەشداری لە بەرەکانی شەڕ دەکرد و سەرپەرشتی تەواوی داستانەکەی دەکرد لە هەموو بەرەکانی شەڕدا، لەم داستانەدا پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی پارتی و بارزانی بۆ دۆست و دوژمنانیان سەلماند کە پارتی و ڕێبازی بارزانی هەرگیز دەستبەرداری مافی گەل و خەڵکی کوردستان نابن و لە هیچ بارودۆخێکدا پێشمەرگەی پارتی و بارزانی ملکەچی داگیرکەران نابن و هەرگیز ئیرادەی پارتی و بارزانی نەشکاوە و ناشکێت. بۆیە لەم داستانەدا (شەڕی خواکورک) پێشمەرگەکانی پارتی دەستەویەخە بە چەکی پێشمەراگایەتی و مۆرال و بیروباوەڕێکی بەرز و بەهێزەوە ڕووبەڕووی سوپا و جاشی ڕژێمی سەدام حوسێن بوونەوە و سەرکەوتنێکی مەزنیان لە داستانەداکەدا تۆمار کرد، کە بووە هۆی ئەوەی دوژمن لەو دەڤەرەدا پاشەکشێ بکات. بۆیە لە31 هەمین ساڵیادی تۆمارکردنی سەرکەوتنی یەکجارەکی لە داستانی خواکورک، ڕۆژنامەی خەبات بە پێویستی زانی سەردانی هەندێک لەو پێشمەرگانە بکات کە ڕاستەوخۆ بەشداربیان لەو نەبەردییەدا کردووە، بۆ ئەوەی لە یادەوەری ئەوانەوە ڕۆژانی سەخت و خەبات و قوربانیدانی پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی بخەینە بەردیدی خوێنەرانی ئازیزی ڕۆژنامەی خەبات.

*** (ئەحمەد شێخۆ شێرۆکی) ئەندامی ناوەندی ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە ئەوکات ئەندام لیژنەی ناوچەی زێوە لە ئاوارەییدا بووە، بەم شێوەیە باسی داستانی خواکورک دەکات:**

داستانی خواکورک یەکێکە لەو داستانە گەورە و مەزنانەی بەرگری کە دەبێ گەلی کورد تا هەتایە لە بیری نەکات و شانازی پێوە بکات و لە میژووی شۆڕشەکانی گەلی کورد بە قەڵەمی زێڕ تۆمار بکرێت و بکرێتە وانەیەک لەوانەکانی خوێندن بۆ ئەوەی نەوەی ئێستا و داهاتوو سوودی لێ وەربگرن. داستانی خواکورک بە ئەفسانەیەک دەچێت کە ئموونەی بەرزترین گیانی بەرەنگاری پێشمەرگەمان بۆ دەگێڕێتەوە و ئەو پێشمەرگەی کە گیانی خۆی لە سەر لەپی دەستی دانا و بەوپەڕی باوەڕ بە خۆبوون و ئیرادەی پۆڵایین و خۆڕاگرییەکی بێ وێنە لە چوارچێوەی جەنگێکی بەردیی لە سنووری سێ کوچکەی ئێران و عێراق و تورکیا لە خواکورک بەرامبەر گەورەترین و درندەترین هێزی ڕژێمەڵاتی ناوەڕاست. داستانی خواکورک لەکاتێکداهات کە شەڕی خوێناوی و مااڵوێرانکەری عێراق و ئێران گەیشتە خاڵی ئاگربەست. چاودێران و ڕای گشتی دونیا وای بۆ دەچوون ئیتر کۆتاییە و ئارامی گەڕایەوە ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست، چونکە فراوانی و گەوردیی ئەم شەڕە بێ ئەنجامەیان وای کردبوو کە کێشەی گەلی کورد لە بیر بکرێت. بەنواندنی داستانی خواکورک جارێکی تر سەرنجی ڕای گشتی بۆ کێشەی ڕەوای گەلی کورد ڕاکێشا و کێشەی نەتەوەیەکی زیندوو کردەوە کە لە ماوەی ئەم شەڕەی نێوانیاندا دوچاری گەورەترین کارەساتی کۆمەڵکوژی بوونەتەوە. وەک ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستن و وێرانکردنی هەزاران گوند و شارەدێ.

لەبارەی هێرشەکانی ڕژێمی بەعس بۆ دۆڵەکانی خواکورک کەلەم شوێنانە بنکە و بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی لێ بوون، ئەحمەد شێخۆ شێرۆکی گوتی: دوای ڕاگرتنی شەڕی نێوان عێراق و ئێران ڕژێمی بەعس هەرچی سوپای هەیبوو کە لە شەڕی ئێراندا بە کاری هێنابوو کۆی کردەوە بە پاڵپشتی زرێپۆش و تۆپ و تەیارە و بەکارهێنانی چەکی قەدەغە کراو و کۆمەڵکوژ هێرشی بەربڵاویان بۆ سەر بنکە و بارەگای لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان و ناوچە ئازاد کراوەکانی ژێر دەسەاڵتی شۆڕش دەست پێکرد. ئێمە ئەوکات لە لیژنەی ناوچەی ئازادی بووین لە ئۆردوگای زێوە. دیارە هێرشی یەکەمی سوپای ڕژێم لە میحوەری سیدەکان بۆ دۆڵپلی خواکورک کە زۆربەی هەرە زۆری بنکە و بارەگاکانی پارتیمانی لێ بوون لەگەڵ گورزێکی کۆشندە، 38دیل کەوتنە دەست هێزی پێشمەرگەی کوردستان و چواریان ئەفسەربوون لە ڕێگای مەفرەزەیەکی تایبەت لە پێشمەرگەکانی هێزی ئاوارە کە هەڤاڵ شێرزاد محەمەد عەلی ئامێدی بەرپرسی مەفرەزەکە بوو بەرەو گەلی بینار لە دیوی ئێران کەوتنەڕێ بۆ ئەوەی تەسلیم بە بارەگاییێکی دواوە بکرێن، بەاڵم لە هەمان کات لە ڕۆژی 27-7-1988سەرکردایەتی پارتیمان بروسکەیەکی بۆ لیژنەی ناوچەی ئازادی کرد کە پێویستە دەستبەجێ بە پیرانەوە بچن و بیانگەڕێننەوە و دیلەکان تەسلیم بە هێزی بارزان و لیژنەی ناوچەی میژگەسۆر بکرێن، ئەوکات شەهیدی فەرماندە عەلی شەعبان بەرپرسی ناوچەمان بوو، دوای بروسکە من و شەهیدی ناوبراو و شەهید سابیر سلێمان و شەهید تەحسین حاجی سالح ئەرگشوی لەگەڵ سێ پێشمەرگە بەرەو گەلی بینار کەوتینەڕێ لە دەروازەی گەلی شەهیدی سەرکردەی فەرەنسۆ حەریری کە لە ڕاژانەوە نێردرا بوو بۆ ئەم مەبەستە بە یەک گەیشتن. بەاڵم ئەو جەماعەتە پێشمەرگەی کە دیلەکانیان هێنا لەبەر ماندوو بوون و شەکەتیبان گوتیان توانامان نییە بیانبەین بۆ شوێنی دیاری کراو، بۆیە من و شەهید سابیر و شەهید تەحسین لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر بە ناوی حەربی مستەفا و شەهید ئەنوەر هۆستانی دیلەکانمان وەرگرتن و بەرەو هێزی بارزان کەوتینە ڕێگا. ئەوەی ڕاستی بێت ڕێگاکە دوور بوو، دوو شەومان لە پێش بوو ئەم چەند کەسەش زۆر کەم بووین بۆ کونترول کردنی 38دیل کە هەموویان هێزی تایبەتی سەربازی بوون، تەنها یەکیان بەتەمەن بوو ئەوەیش جەیش شەعبی بوو، ئامان پێ نەبوو هەموو ئومێدمان ئەو ڕەوەندانە بوون کە لە کۆبستانەکان دەکەوتنە ڕێگامان دەبوایە خواردن بۆ خۆمان و دیلەکان دابین بکەین



ئەحمەد شێخۆ شێرۆکی

ئەوەی ڕاستی بێت ئەو چەند ڕەشمااڵنەی لە ڕێگا دەیانگەیشتینێ بە پیرمان دەهاتن نان و ماستیان بۆ دەهێنایین. شەوی یەکەمان لە نزیک بن لیس کە دەکەوێتە خاڵی سنووری سێ کوچکە بەسەردا هات دیلەکان نووستن بەاڵم ئێمە لەبەر ئەوەی کەم بووین ناچار بووین بێدار بمێنین. ڕۆژی دوایی سەعات 3ی بەیانی کەوتینە ڕێگا لێرە بە دواوە ڕێگا بە کەناری ڕووباردا تێدەپەڕی، ڕووباریش عێراق و تورکیای لێک جیا دەکردەوە، لەوبەری ڕووبار هێزێکی زۆری سەربازی تورکی لێ بوو، دیلەکانیش ئەمەیان دەزانی بۆیە جێ مەترسی بوو کێشەمان بۆ دروست بێت و دیلەکان خۆیان لە ڕووبار بدەن و بپەڕنەوە دیوی تورکیا، بەاڵم خۆشبەختانە لەو کاتە گەیشتینە کۆمەڵێک پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە نزیکەی 40کەس دەبوون دیلەکان و سەربازە تورکەکان وایاندەزانی ئەوانیش هەر پێشمەرگەی پارتیمانن، هەرچەندە تەنها لە یەک تێپەڕین بێ ڕاوەستان و ماندووبوونمان لەیەک کرد. بۆ ئێوارە گەیشتینە چیای نەقیب هەورازێکی زۆر سەخت بوو کە گەیشتینە لوتکە چەند پێشمەرگەیەک لە دیوی خواکورک دەهاتن کە لێمان نزیک بوونەوە ناسیمان سەر بە هێزی بارزان بوون لە ڕێگای نازداری داغ هاتبوون بۆ ئەوەی پەیوەندی بە هێزەکەیانەوە بکەن لەگەڵی ڕەش کە ئەم پێشمەرگانە بریتی بوون لە ئەمین ئەحمەد شێرۆکی و مەرعان مەرعان و مەلکۆ نوح بەگ و شێرزاد ئەحمەد سالح و نادر زێرو عەبدوڵاڵ بە هاتنی ئەوان زۆر خۆشحاڵ بووین دوو وڵاغیشیان پێ بوو لەگەڵ ئێمە کەوتنەڕێ بۆ شەو گەیشتینە گوندی سیروزەروا چەند ماڵێکی بەگ زادەی لێ بوون، بۆ ڕۆژی پاشتر ئێوارە گەیشتینە گوێز پانگ کە بارەگای ناوچەی میژگەسۆر و هێزیی بارزانی لێ بوو، دیلەکانیان لە ئێمە وەرگرت خۆشیان کۆمەڵە دیلێکی تریان هەبوو بۆ ئەو شەوە لە لای هەڤاڵانی ناوچە ماینەوە بەاڵم هەر لە هەمان شەو فڕۆکەکانی بەعس گوندی سیرۆزەوایان کیمیاباران کرد بێجگە لەو ماڵ و منداڵی کە لە لێی بوو هێزێکی پێشمەرگەی پارتیمان کە بەئەرک بەوێ دا تێدەپەڕین کە 66کەس بوون کاک ئەحمەد عوسمان و دەسکو حاجی بیروخی و موسا یونس گەردی بەرپرسیاربوون و بەر کیمیابارانەکە کەوتن و حاڵیان شڕ بوو تا گەیشتنە دیوی ئێران و لەوێ گواستیانینەوە بۆ نەخۆشخانەی ورمێ و چارەسەریان بۆ کرا. شایانی باسە ئەم دیلانە لە گەرمەی شەڕی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان و سوپای بەعس لە لایەن سەرۆکی پارتیمان بڕیاری ئازادکردنیان بۆ دەڕچوو کە لە لایەن بەڕێز عومەر عوسمان میژگەسۆری کە ئەوکات بەرپرسی لیژنەی ناوچەی میژگەسۆر و بەرپرسی ڕێکخستنی هێزی بارزان بوو پەیامی ئازاد کردنیان پێ ڕاگەیاندرا. ئازاد کردنی ئەم دیلانە لەو کات و ساتەدا کە دیلەکان هیچ هیوایەکیان نەمابوو پەیامێکی تری ڕەوشت بەرزی و مرۆڤدۆستانەی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی و سەرکردایەتی پارتیمان دەگەیەنێ". لەبارەی ئەم لیژنە باڵایەی کە جەنابی بەڕێز (نێچیرڤان بارزانی) سەرپەرشتی دەکرد و ئەم لیژنانە و چەند لیژنەی تر دروست بوو، هەر یەکێک ئەرکی دیاری کراو (ئەحمەد شێخۆ شێروکی)لە بیرەوەرییەکانی دا گوتی:

1- لیژنەیەکی ڕاگەیاندن کە بەردەوام بچێتە ناو جەماوەر و سەردانی هەموو ئەو شوێنانە بکات کە پەناهەندەی لێ نیشتەجێیە لە سنووری پارێزگای ورمێ.

2- لیژنەیەک بۆ کۆکردنەوەی خۆراک و کۆمەک و پێتاکە جەماوەرییەکان لە شارەکانی ورمێ و نەغەدە و شنۆ و خانێ سەردڕای ئەو لیژنە ڕێککخراوەکانی توفان لە زێوە و زاگروس لە ورمێ و خەبات لە نەغەدە و فەرمان لە شنۆ هەروەها ڕێککخراوەکانی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان لەم شوێنانە ئەرکی خۆیان جێبەجێ کرد.

3- لیژنەیەکی سەرەکی بۆ وەرگرتنی کۆمەکی جەماوەری لە سنووری چالاکی لقی 8ی پارتیمان لە ڕێگای لقەوە لە سەرتاسەری شارەکانی ئێران ئەو شوێنەی دوومااڵی پەناهەندەی لێ بووبێت هاوکاری خۆی لە قەدەر توانای نارددووە.

4- لیژنەیەک کە لە دەروازی گەلی بێناو دانرا بوو بۆ ئەوەی دوای ئەوەی کۆمەکەکان لە بارەگای لیژنەی ناوچەی ئازادی ئامادە دەکران و بە ئۆتۆمبێل ڕەوانەی لای ئەو لیژنەیە دەکران و ئەوانیش دەست بەجێ بە وڵاغ ڕەوانەی ئیدارەی بەرەی شەڕ بکەن و ئەوانیش بە پێی پێویست بۆ سەنگەر و ئەو خاڵانەی پێشمەرگەی لێ بوو دابەش دەکرد. شایانی باسە جەماوەری کوردی کوردستانی ئێران لە ناوچەی مەرگەوەڕ بە ئەرکی نەتەوەیی خۆیان هەستان و جگە لە بەخشینی هاوکاری کۆمەک و پێتاک بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکان بە ڕێگای وڵاغەوە دەورێکی بەرزیان بینی و ڕۆژانی زیاتر لە 90-70وڵاغیان ئامادە دەکرد.

5- لیژنەی تەندروستی شۆڕش کە بارەگاکەی لە زێوە بوو خزمەتی پەناپەرانی دەکرد بێجگە لەوەی کۆمەڵێک برین پێچی ڕەوانەی بەرەی شەڕکردبوو دەورێکی بەرچاویان هەبوو لە چارەسەری بریندارەکان تا دەگەیەندرانە نەخۆشخانەکانی ورمێ.

6- یەکێتی ژنایانی ئایینی لە ئۆردوگای زێوە ئەوانیش بەرگریان بە ئەرکێکی ئایینی دەزانی، بۆیە لە ڕووی ناشتنی تەرمی شەهیدانمان و ئەوەی پێوەست بوو بێت بۆ ئەوان دڕێغییان نەکرد هەتا چەند مامۆستایەک وەک بەرگریی میللی بەشداربیان لە بەرەکانی شەڕ کرد و شەهیدێکیان لەم داستانەدا بە ناوی مەلا بەحری شوکری شەهیدان بەرگری میللی ئەو داستانەن و چەندین بریندارییشیان هەبوو.

*** دواتر چاومان بە پێشمەرگە و کادیری ماندوونەناس (شێرزاد محەمەد عەلی ئامێدی)بەرپرسی ناوچەی ڕێبازی پارتی دیموکراتی کوردستان کەوت کە جەنابیان پێشمەرگەی بەشدار بووی داستانی خواکورک بوو کەلەم داستانەدا بەرپرسی شانەی سەرەکی هێرش بوو لە ڕێککخراوی**



شێرزاد محەمەد عەلی ئامێدی

سەربازی ڕێباز، بەم شێوەیە باسی داستانی خواکورکی کرد:

" لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی پارتی و جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی بۆ دامەزراندنی هێزێکی پێشمەرگە لە پەناپەرانی شارەکانی ئێران کە بە شێوەیەکی بەرچاو پێشوازی لێکرا بۆ نموونە ئێمە دوو برا بووین هەردووکمان هاتین بۆ پێشوازی کردن لەم بڕیارە لە دوای ڕێکخستن و دابەشکردنی پێشمەرگە بە پێی ڕێکخستنەکانی سنووری خۆیان بارەگاکان گواستراینەوە بۆ قوڵایی خاکی کوردستان دواتر بە پێویست زانرا سەرژمێریەک بکرێت بۆ هێزی ئاوارە لە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی لە شاری شنۆ کە زیاتر لە 500پێشمەرگە کە زۆربەی هەرە زۆریان گەنج بوون بە هەڵبژاردن دابەشکران بە چوار ڕێکخراو، ڕێکخراوی عەسکەری و ڕێکخراوی ڕێباز و ڕێکخراوی 16ی ئاب و 11ی ئەیلوول و 26ی گوڵان. ڕێکخراوی ئێمە ڕێباز پێکهاتبوو لە 122 پێشمەرگە کە بەبێ جیاوازی کێبە و لەکام عەشیرەتە یا خود بەکام زاراوەی کوردی قسە دەکان یا خود چ ئایینێکی هەیە، وەکو برا پێکەوە شان بەشانی یەکتر چەکیان هەڵگرت بۆ ڕزگاکردنی کوردستان و بەدی هێنانی ئاواتەکانیان، هەزناکەم ناوی کەس بێنم چونکە لەوانەیە ناوێکم لە بیر بچێت یا خود هەڵەیەک بکەم خودا نەخواستە ببێتە هۆی نێگەرانی هەڤاڵانی پێشمەرگەی ئەوکاتە، من وەکو بەرپرسی شانەی سەرەکی هێرش لە ڕێککخراوی ڕێباز کە سنووری چالاکیمان کەوتبووە نازدار داغ تاکو شێخانۆک، حیمایەی ئەنباری چەک و تەقەمەنی لە شێخانۆک و حیمایەی گرتووخانەی ئەسیرەکان. هەر لەم شوێنە دوای بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕاگرتنی شەڕ لە نێوان ئێران و عێراق سوپای بەعس هێرشێکی بەرفراوانی دەستپێکرد بۆ ئەم ناوچەیە لە بەر ئەوەی شەڕی کورد بە تایبەتیش پارتیمان جیا بکرێتەوە لە شەڕی نێوان حکوومەتی عێراق و ئێران، بۆیە سەرۆک بارزانی بڕیاری بەرگری کردنی دا، بۆیەش پێشمەرگە قارەمانەکانمان لە هەموو بەرەکانی شەڕ زەربەی کوشندەیان لە دوژمن وەشاند، دوژمن بەو هەموو هێزەی نەک نەیتوانی خۆی بگەینێتە سنوورەکان بەڵکو لە سەرەتا هەندێک شوێن ناچار بە پاشەکشێ بوون، دوژمن لەم شەڕانەدا کوژراو و بریندار و ئەسیرێکی زۆری دا، شانەی سەرەکی لەشکری ئێمەش وەک هەموو ئاوارە سەرەڕای گواستنەوەی بەشێک لە چەک و تەقەمەنییەکانی ئەنبار بۆ شوێنی ئەمینتر و گواستنەوەی 38دیلەکە پێکهاتبوون لە جەیش و جاش و مغاویر بۆ سنوورەکانی ئێران و تەسلیم کردنیان بە لیژنەی ناوچەی ئازادی. بەشداریمان لە هەموو شەڕەکاندا هەبوو بە تایبەتی شەڕی خەزنە و شەکیب و موسلوک و گەروی پیرۆژن و جورجا و سەری کۆرا و خاڵی 5قەبری زاهر. تاکو هاتنە دی ئامانجە سیاسییەکان کە مەبەست بوو لەم شەڕەدا و کشانەوەی پێشمەرگە لە سنوورە شانە سەرەکییەکەمان دوومانگیش دوای شەڕی خواکورک چووینە گەرووی نازدارەداغ. لە ئەنجامی ئەو ڕاپۆرتە بە ئەو ئەنجامە گەیشتم کە سەروەرییەکانی کوردستان لە یادمان بێت کە بەدەستی پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی بە سەرۆکایەتی سەرۆک مسعود بارزانی تۆمار کراوە، بکەینە وانەی خۆڕاگری، هەروەها ئاماژە بە ڕۆڵی کاک مسرور بارزانی بدەین کە لە داستانی خواکورک جگە لە پێشمەرگەی بەشدار بووی داستانی خواکورک جەنابیان ڕۆڵیان هەبووە بە تایبەتی لە ڕووی ڕاگەیاندن و بی ئیمکانیاتی ئەوکاتە چەند وێنەی جەنابیان لەکاتی تۆماری کردنی داستانی خۆڕاگر جەنابی سەرۆک بارزانی بە سەرکەوتنەکانی داستانی خواکورک کردووە کە کاک مەسرور بارزانی کامێرای خۆی گرتووە. بۆتە میژوو.

لە کۆتایەدا لە یادی 31ساڵەی تۆمارکردنی داستانی خواکورکدا سااڵو لە بەشداربووەکانی داستانی خواکورک وسااڵو لە شەهیدانی داستانەکە وهەزاران سااڵو لە گیانی پاکی شەهیدان سەرقافلەیان بارزانیی باوک و کاک ئیدریسی هەردەم زیندوو.



یەکێتی قوتابیان و لاوان و ئافرەتانی کوردستان ئازوقەو پێتاک کۆدەکەنەوە بۆ بەرەکانی شەڕی خواکورک 1988

لەڕەشپفی کاروان محەمەد سینۆ
فۆتۆ: ئەناسراوە



پەلەقاژە و هەژموونگەرایی لە پێناو مانەوە

شۆڕش خالید نازگەیی*

بەشی سێیەم و کۆتایی

بێگومان سااڵنی دوای کۆتایی جەنگی ساردی نێوان بلۆکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەاڵت بە سەردەمی زێڕینی بەهێزبوون و گەشەی خێرای بلۆکی ڕۆژئاوا دادەنرێت. بە تایبەت دوای ڕووخانی دیواری بەرلین، سەردەمی دارمان و شکست و پاشەکشەی بلۆکی سۆشیالیستی و فکری مارکسیستی و لێنینیستی و لەگۆڕانی بیرۆکە خەیاڵ پلاوەکان بە تەواوەتی دەستی پێکرد و ئەم بلۆکەی لە ناواخندا هەڵتەکاند.هاوکات لەگەڵ دارمانی کەمپی سۆشیالیزمدا، وڵاتانی ڕۆژئاوا پێیان نایە قۆناغێکی زێڕینی پێشکەوتن و گەشە و دەوڵەمەندی لە هەموو ڕوێکەوە.

چینیەکان ترسی شکاندنی شکۆیان لێ نیشتووە

هەرلە چوارچێوەیەی ئەم ملمالنێیەدا چینیەکان داوایان لە ئەمەریکا کردووە بە شێوەیەکی نهێنی ئەم پرسە لە نێوان زلهێزەکاندا بێتە چارەسەرکردن و هاوسەنگی لە نێوان هاوردە و هەناردەی هەردوو وڵات ڕابگیرێت، تا کو چینەکان لەم بینەوبەردەیەدا ڕووبەڕووی ئابڕووچوون یا شەرمەزاری و شکاندنی شکۆیان نەبنەوە. بەاڵم لە بنەڕەتدا مەبەستی ئیدارەی ترەمپ شکاندنی شکۆی زلهێزی و ئابووری و جەمسەرگەرایی چینیەکان و سەپاندنی هەژمونی ئەمەریکایە بەسەریاندا. ڕێک وەک ئەوکاتەی لە ساڵی 2016دا کاتێک ئۆباما سەردانی چینی کرد، سەرکردەکانی چین ئاماده نەبوون فەرشی سووری بۆ ڕاخەن و بوون بە مایەی تووڕەیی و بێزاری ئەمریکیەکان. بۆیەش ئەمریکیەکان ئەم کردەیەی چینیەکانیان بە شکاندنی شکۆی ئەمەریکا لەقەڵەم دا و لەبیریان نەکرد و وا خەریکن تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە.بە بڕوای زۆربەی ناوەندەکانی توێژینەوەی سیاسەتی نێودەوڵەتی، سەرۆکی چین، شین شینپینگ، وەک سەرۆکێک دەردەکەوێ، نوێنەرایەتی لیبرالیزمی چینی بکات. ئەمان لەسەر ئەم بڕچوونە هاوڕان، سەرۆکی چین سەرکردەیەکی پراگماتیک و واقعبینی سیاسیە و لە گەمە سیاسی و ئابوریەکان لە ئاستی جیهاندا تێدەگات و دەکرێ لە ڕێگەی گفتوگۆیەکی بونیادنەرەوە چارەسەری کێشەکانی لەگەڵدا بکرێ. لە هەمان کاتیشدا هەندێ توێژەر سەرۆکی چین بە دیکتاتۆر و تاکڕەو و خۆسەپێن وێنادەکەن و تەواو پێچەوانەی گرووپی یەکەمن.ئەمان پێیان وایە چینەکان توانیان لە ماوەی هەشت ساڵی سەرۆکایەتی نەرم و نیان و دوورە پەرێزی ئۆبامادا پەرە بە فراوانخوازی و شوێن پێ کردنەوەی هێزی سەربازی لە باشووری دەریای چین و زۆربەی وڵاتانی ئەفریقیدا بدەن و وەک بەشێک لە سیاسیەتی جیۆپۆلیتیکی خۆیان مامەڵەی پێوە بکەن. لەوەش زیاتر، چینیەکان نەیانشاردۆتەوە بە نیازن لە ڕێگەی تێکنۆلۆژیای چینی تا ساڵی 2025 بازاڕی ئامێرە ئەلەکترۆنیەکان لەسەرانسەری ئەورووپادا داگیر بکەن و هەژمونی خۆیان بەم جۆرە بسەپێنن. بۆیە ئەورووپیەکان وەک بڵێی لە خەوێکی قوڵی غەفڵەت خەبەریان بێتەوە، کەوتنە خۆ و بیری یەکتریان هێنایەوە، چین سەرەڕای پێشکەوتنە خێراکانی، هێشتا وڵاتێکی ئوتۆکراسیە (دیکتاتۆری) و لە بری ئابووری ئازاد، پێڕەوی لە ئابووری فیۆدالیزم دەکات و ناکرێ متمانەی تەواوی پێ بکرێ و وەک هاوبەشێکی متمانە کراوی ئابووری لەگەڵی ڕێک بکەون.

گوشارە بەردەوامە پڕ لە هەڕەشەکانی ترەمپ ڕەنگە دواجار ببێتە هۆی کرانەوەی زیاتری بازاڕی شتومەکی چینی بەڕووی جیهاندا بە گشتی و ڕۆژئاوا بەتایبەتی. لێ هەر کرانەوەیەکی لەمجۆرە دواجار دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخەکان و ناسەقامگیری سیاسی لە ئەمەریکا و ئەورووپادا.بەگشتی دوای هاتنە سەرکاری ترەمپ سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا گۆڕانکاریەکی ڕادیکاڵی بەخۆیەوە بینیوە. بە بۆچوونی هەندێ کەسایەتی ئەم گۆڕانکاریە هەرەسی بە سیاسەتی دەرەوەی ئۆبامادا هێناوە و مانا و مەغزا و جەوهەرێکی تری پێ بەخشیوە. بەو پێیەی لە سەردەمی ئۆبامادا ئەمریکیەکان هەوڵیان دا هاوپەیمانی کۆنی نیکسۆن و چین زیندوو بکەنەوە و زیاتر لە چین نزیک کەونەوە و لە جیاتی نەیار، وەک هاوبەش لێیەوە بڕوانن و مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. لە پاڵ ئەمەشدا ئەمریکیەکان بە شێوەیەکی شاراوە لە هەوڵی ئەوەدابوون ڕێککەوتنێکی ستراتیژی لەگەڵ ئێراندا گەاڵڵە بکەن و کۆتایی بە ناکۆکیەکانی چوار دەیەی ڕابردوویاندا بهێنن. لەم ڕوانگەیەوە بوونی ڕووسیا وەک هاوبەشێکی سیاسی و ستراتیژی بایەخی خۆی لە دەست دابوو و تا ڕادەیەک خرابووە پەراوێزەوە. ئەم پەراوێز خستنەی ڕوسەکان بە گشتی و ڤاڵدیمیر پوتین بە تایبەتی لە لایەن ئیدارەی ئۆباماوە یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتیەکانی دەست خستنی ڕووسەکان بوو لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکادا و هەوڵدان بۆ شکستی دیموکراتەکان و هاتنە سەرکاری دۆناڵد ترەمپەوە.

ترەمپ و ئێران

لە ڕوانگەی ترەمپەوە دەست هەڵگرتنی ئێران لە بەرهەم هێنانی چەکی ئەتۆمی یا دەست خستنی وزەی ناوەکی جێگەی ڕەزامەندی سەداسەد نیە. ترەمپ پێی وایە ئێرانیەکان گەرەکە دەست لە خەونی دەست بەسەراگرتن و کۆنترۆڵکردن و دەست خستنەناو کاروباری وڵاتانی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست و سەپاندنی هەژمونی خۆیان بەسەر ئەم ناوچە هەستیارەدا هەڵگرن. تایبەت بە ڕوسەکان، ئیدارەی ترەمپ پێی وایە ڕوسەکان دەکرێ بین بە هاوبەشێکی ستراتیژی و ئابووری لە ناوچەکەدا بەو مەرجەی دەست لە هەندێ سیاسەتیان هەڵگرن. لێ نابێ بە هیچ شێوەیەک پەیوەندیە تووندوتۆڵەکانی چین و ڕووسیا ببێتە بەربەست و ئاستەنگ لەبەردەم بەرو پێشەوە چوونی سیاسەت و هەژمون و بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا لە ئاستی جیهانیدا.ترەمپ دژایەتی خۆی بۆ بەرپاکردنی جەنگ لە پێناوی ڕزگارکردنی گیانی مرۆڤەکان نەشاردۆتەوە. ئەو ئاماده نیە جەنگێک بکات هیچ بەرژەوەندی بۆ ئابووری و شکۆی ئەمەریکا تێدانابێ.ترەمپ تەنانەت بۆ ئەندامانی پەیمانی باکوری ئەتلەسی و یەکێتی ئەورووپاشی دووپات کردۆتەوە، ڕوانگەی ئەو وەک سەرۆکی ئەمەریکا پەیوەست بە ناتۆ لە هی سەرۆکەکانی تر ناچێ و تەنانەت نەیشاردۆتەوە ئەم هاوپەیمانیە ماوەی بەسەر چووە و تایبەتە بە قۆناغێکی میژوویی لە ململانێکانی نێوان ڕۆژئاوا و بلۆکی سۆشیالیستیەوە.دیدی سەرۆکی ئەمەریکا بەرامبەر بە ناتۆ تەواو لە هی سەرۆکەکانی بەرلەخۆی جیاوازترە. ترەمپ لە چەشنی دامەزراوەیەکی بەهادارە هابەش و ستراتیژی لە ناتۆ ناڕوانێ، بەڵکو ئەو پێی وایە ناتۆ هاوپەیمانیەتێکە، تایبەتە کۆمەڵێک وڵات بە گوێرەی گونجانیان بە هۆی کۆمەڵێک بەرژەوەندی تایبەت بە قۆناغێکی دیاریکراوەوە کۆبوونەتەوە نەک (بەها) هابەشەکان.هەروەک تێبینی دەکرێ لێدوانە بوو بە هۆی تووڕەبوونی گەاڵنی دانیمارکی و گرینلەندیەکان بە گشتی و سیاسیەکانی دانیمارکی بە تایبەتی. ئەوان ڕایانگەیاند سەردەمی کرین و فرۆشتنی ئاو و خاک و داگیرکردنی گەاڵن بەسەر چووە و گرینلاند نەک ئێستا و نە لە ئایندەشدا بابەتی گفتوگۆی کڕین و فرۆشتن نیە.ڕۆژی دواتر ترەمپ لە تویتێکی تازەدا بە ئاشکرا ڕایگەیاند:"گەلی دانیمارک گەلێکی گەورەن. لە زاری سەرۆک وەزیرانەوە بیستوومە دانیمارکیەکان نایانەوێ دوورگەی گرینلاند بفرۆشن، بۆیە منیش سەردانەکەم بۆ کاتێکی دواتر دواخست."دانیمارکیەکان، کە ئەمەریکا بە هاوبەشی ستراتیژی خۆیان لە قەڵەم دەدەن و بە درێژایی میژووی جەنگی سارده‌وە، وەک هاوپەیمانێکی ستراتیژی لە ئەمەریکایان ڕوانیوە و لە جەنگی ئەفغانستان و ئێراق و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش بەشداری کارایان کردووە، بەم تویتەی ترەمپ زۆر تووڕە بوون. سیاسیەکانی دانیمارکی ئەم هەنگاو و هەڵوێست و هەڵسوکەوتەی ترەمپیان بە بێڕێزی کردن بە سەروەری وڵات و گەل و بنەماڵەی پاشایەتی دانیمارک لە قەڵەم دا و دووپاتیان کردەوە گرینلاند بۆ فرۆشتن نیە و پێشنیاری کڕینی گرینلاند، لە بیرۆکەیەکی پروپوچەوە سەرچاوەی گرتووە. شایانی باسە لە دوای دووەم جەنگی جیهانیەوە ئەمەریکا بە ڕەزامەندی دانیمارک و حکومەتی خۆجێی گرینلاند بنکەیەکی سەربازی گەورەی لە سەر خاکی گرینلاند بۆ بەربەست دانان لەبەردەم سیاسەتە فراوانخوازیەکانی ڕووسیا و چین دامەزراندووە. هەرچەندە دوو لەسەر یەکی خاکی گەورەترین دوورگەی جیهان بە بەفر و سەهۆڵ داپۆشراوە و ژمارەی دانیشتوانی لە پەنجا هەزار تێپەڕ ناکات، بەاڵم دەوڵەمەندە بە جۆرەها کانزا و سامانی ژێرزەوی و نەوت و غازەوە و هێشتا وەبەرهێنانی تێدا نەکراوە. گرینلاند لە ڕووی سیاسیەوە سەربە دانیمارکە، بەاڵم خاوەنی پەرلەمان و سیستەمی خۆبەڕێوەبەری جۆرجێیە.

بەهێزەکان دەمێنن

ئەو گۆڕانکاری و ململانێ بەرچاوانەی نێوان جەمسەر و زلهێزەکان لەم ئان وساتانەدا، هەمووی بە بەرچاوی جیهان بە گشتی و وڵاتانی ئەروپا بەگشتیەوە ڕووەدەن و جیهانیان وڵە سەرووشیانەوە ئەورووپیەکان جگە لە تەماشاکارێکی سارد و سڕ و بێ دەسەاڵت، جارێ هیچ ڕۆڵێکی بەرچاویان بە ئاراستەی پاراستنی بەرژەوەندیەکان و بینینی ڕۆڵێکی بەهێز و کاریگەر لە ئاستی سیاسیەتی جیهانیدا نەنواندووە و هەر لە پەراوێزدا بینەری ڕووداوەکانن.بە پڵەی یەکەم ئۆبامڵی وەاڵنانی ڕۆڵی یەکێتی ئەورووپا و پەراوێز خستنیان بە گشتی لە ئاستی ڕەنگرێژکردنی سیاسەتی جیهانیدا، دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی نەرێنی ئەمەریکا.

ئەمەریکا، هەڵبەتە ئیدارەی ترەمپ پشکی شیری بەر دەکەوێ، تەنانەت ئامادە نیە وەک هاوبەشێکی بەهێزی ژمارە یەکی ئابووری ئەورووپاش لەم ڕووەوە مامەڵە لەگەڵ ئەڵمانیادا بکات. ئەڵمانیایەک بە ڕای زۆربەی چاوێرانی کاروباری ئەورووپاوە دەکرێ وەک زلهێزێکی ئەورووپی و هاوبەشێکی ستراتیژی بەهێز و کاریگەر، لە لایەن ئەمەریکاوە حیسابی بۆ بکرێت و ڕۆڵی پێ ببەخشرێت.

کۆمەڵێک لە سیاسیەکانی ئەورووپی پێیان وایە یەکێتی ئەورووپا دەتوانێ ڕۆڵی زلهێزێک لە ئاستی سیاسەتی جیهانیدا بگێڕێ، بەو مەرجەی لە لایەن ئەمەریکاوە بخرێتە نێو حیساباتەکانیەوە و چیتر لە لایەن ئیدارەی ترەمپەوە هەوڵ بۆ لێکترازان و تەنانەت هەڵوەشانەوە و ململانێی نەدرێت. لە پاڵ ئەمەشدا هەندێکی تر پێیان وایە ڕۆڵ و پێگەی یەکێتی ئەورووپا زیاتر لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی چاودێری یا NGO دەمێنێتەوە و بە هۆی بەرهەڵستەکانی ئەمەریکا و بەتایبەت ترەمپەوە لەم ئاستەی ئێستا بەرزتر نابێتەوە و ناکرێ هیوا و ئومێدێکی لە قەوارەی خۆی گەورەتری لەسەر هەڵبچنرێ.

گەرەکە ئەم ڕاستیەمان لەبیر بێت:

هەمیشە سیاسەتی زلهێزی و جەمسەربەندی هێز و بەرژەوەندیخوازی زلهێزەکان وسەپاندنی هەژمون بە هەر نرخێک بێت، ململانێ و پێکدادان و کێشە و شەڕ و ئاژاوە و پشێوی و زیانی مادی و مرۆیی لێ دەکەوێتەوە و دواجار بە زیانی بێ هێز و بێ دەسەاڵتەکان دەشکێتەوە. بەهێزەکان ئەوە ئەنجام ئەدەن، ئارەزوویانە و بێ هێزەکانیش لە ئەڵقەی بێ هێزی و بێ دەسەاڵتی و مات و مەلوولیدا دەتلێنەوە و لە پەراوێزی میژوودا دەمێننەوە و وەک بینەرێکی بێ کردار و بێ ئامانج دەمێننەوە...!

*** ماستەر لە کۆمپیوتێرپەیشن و سیاسەت - زانکۆی ئالبۆرگ- دانیمارک**

ئەمڕۆ لە میژوودا



ساڵی 1919:
پەیماننامەی سان جیرمانی تایبەت کە کەمە نەتەوەکان مۆر کرا .




ساڵی 1940:
فرۆکەکانی ئەڵمانیا کۆشکی باکینگهامیان لە لەندەن بۆردومان کرد .



ساڵی 2002:
سویسرا کە هەمیشە وڵاتێکی بێاليەن بووە ، چووە ریزی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان .



ساڵی 2003:
لە یەکێک لە مۆڵەکانی ستۆکهۆڵم ، گەنجێکی تووندڕەو بە چەقۆ هێرشی کردە سەر ئانالیندی وەزیری دەرەوەی سوید و تیرۆری کرد .



ساڵی 2007:
دوای حەوت ساڵ مانەوە لە مەنفا ، نەواز شەریفی سەرۆکوەزیرانی پێشووتری پاکستان گەڕایەوە وڵات .



ساڵی 2017:
گێژەڵوکەی ئێرما کە یەکێکە لە بەهێزترین گێژەڵوکەکان ، لە ویلایەتی فلۆریدای ئەمەریکای دا و زیانێکی مادی زۆری لەدوای خۆی بەجێ هێشت .

www.xebat.net
سێ شەممە 2019/9/10 ژمارە (5824)
خەبات

بۆریس جۆنسۆن...

مردنم پێ خۆشترە، لە داواکردنی دواخستنی دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا!

ئا: خالید گەردی

تا دێت ململانێی نێوان بۆریس جۆنسۆنی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا و ئەندام پەرلەمانانی ئەو وڵاتە لەسەر میکانیزم و شێوازی چوونە دەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا تووندتر دەبێت. هەرچی جۆنسۆنە هەموو رێگایەک بۆ چوونە دەرەوەی وڵاتەکەی لە یەکێتی ئەورووپا جا بە رێککەوتن بێت یا بێ رێککەوتن دەگرێتە بەر، لە بەرامبەردا بەرهەڵستکارەکانیشی پێیان وایە دەرچوونی وڵاتەکەیان بێ رێککەوتن زیان بە بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەیان دەگەیەنێت تا بۆیان بلوێت کۆسپ دەخەنە بەردەم هەوڵەکانی.



دوای ئەو شکستە گەورەی لەنێو پەرلەمانی بەریتانیا رووبەڕووی هەوڵەکانی بۆریس جۆنسۆنی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بۆوە بۆ دەرچوون لە یەکێتی ئەورووپا لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا واتا 31ی تشرینی یەکەم، ئەندام پەرلەمانانی بەریتانیا بەمەبەستی رێگاگرتن لە پاریزگاران کە جۆنسۆن سەرکردایەتی دەکات لەدژی ویستی سەرۆکی حزبەکەیان دەنگیان داو لە ریزی حزبەکە چوونە دەرەوە، ئەوەی جۆنسۆن چاوەڕێی نەدەکرد ئەوەبوو جۆی براشی کە لە راپرسی 2016 دەنگی بە مانەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا دابوو، دەستکێشانەوەی خۆی لە حکومەت راگەیاند لە تویتێکدا نووسیبووی بەرژەوەندی نیشتیمانیم لا پیرۆزترە لە سەر بەرژەوەندی خێزانی.

یاسا نوێیەکەی ئەنجومەنی لۆردراتی بەریتانیا ئەگەر ئەلیزابیزی دووەمی شاژن پەسندی بکات ئەوا بۆریس جۆنسۆن ناچار دەکات ئەگەر تا 31ی تشرینی یەکەم لەگەڵ سەرانی یەکێتی ئەورووپا نەگەنە رێککەوتن، پێویستە داوا لە بڕۆکسل بکات وادەی چوونەدەرەوەی تا ئێستا تەنیا لە ماوەی سێ رۆژدا، بیست و سێ ئەندام پەرلەمانی سەر بەخودی حزبی وڵاتەکەی بۆ ماوەی سێ مانگی دیکە لە یەکێتییەکە دوا بخرێت، ئەگەر جۆنسۆن کە تا ئێستا سووڕە لەسەر چوونەدەرەوەی بەریتانیا بەرێککەوتن و بێ رێککەوتن لە وادەی دیاریکراو لە ژێر گوشاری بەرەی دژە چوونە دەرەوە بێ رێککەوتن ئەو داوایە پێشکەش بکات ئەوا رەزامەندی نواندن لەسەر داواکەی پێویستی بە رەزامەندی تەواوی ئەندامانی یەکێتییەکە هەیە.

وەک باسمان کرد لیبرالە دیموکراتەکان بە شێوەیەکی گشتی بەوە ناسراون لایەنگیری لە یەکێتی ئەورووپا دەکەن، بەڵام چەندین ئەندامی کارای پاریزگارانیش بە هەمان شێوەی ئەوان پێیان کارێکی باش نییە وڵاتەکەیان بێ رێککەوتن لە یەکێتی ئەورووپا بچێتە دەرەوە، ریزی حزبەکەیان جێهێشێت و چوونە نێو حزبی لیبرالە دیموکراتەکان، بەشێوەیەک سەرۆک وەزیران زۆرینەی کورسی نێو ئەنجوومەنەکە کە ژمارەیان (650) کورسییە لەدەست داوە،

لەگەڵ ئەوەشدا وەک لە لێدوانەکانی دەردەکەوێت پێ ناچێت جۆنسۆن دەست بەرداری هەوڵەکانی بێت بە تایبەتیش کاتێ رایگەیاند من مردنم لە چاڵێکی بەردەم بریکزیت پێ خۆشترە لەوەی داوا لە بروکسل بکەم دەرچوونی بەریتانیا دوا بخات، ناوبراو سەر لەنوێ داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختەی کرد.

بۆریس جۆنسۆن رەخنەی تووندی ئاراستەی بەرهەڵستکارانی کردو گوتی هەوڵەکانی ئەوان هەڵوێستی من لەکاتی دانوستاندن بۆ دەرچوون لەیەکێتی ئەورووپا لاواز دەکات، وەک ئەوە وایە ئالای سپی هەڵگرم و خۆم بەدەستەوە بدەم. لە کاتێکدا بەڵێنم بە خەڵک دابوو رێز لە ئاکام و ئەنجامی راپرسییەکە بگرم و جێبەجێی بکەم، ئێستر بەسە پێویستە ئەو کارە بکەم.

ئەو کارتە گوشارانەی لەبەردەست بەرهەڵستکاران دایە

تیم باری مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی (کوین ماری) دەڵێت، بەرهەڵستکارانی بەریتانیا بۆ ڕاگرتنی بۆریس جۆنسۆن چەند کارتێکی گوشاریان لە نێو پەرلەمان بەدەستەوەیە دەتوانن لەو ماوەیەی لەبەردەمیاندا ماوە لە دژی بەکاری بهێنن، لەبەر ئەوەی زۆرینەی پەرلەمان کە جۆنسۆن هەیەتی زۆر لاوازە ئەگەر درزی زیاتریش بکەوێتە نێو ریزی پارتی پاریزگاران بەتایبەتیش هەندێ لە ئەندامەکانی پشتگیری لە چوونەدەرەوەی وڵاتەکەیان لە یەکێتی ئەورووپا ناکەن، ئەوا پەرلەمان دەتوانێت یاسایەکی نوێ دەربکات بە پێی یاساکە کارکردن بە مادەی پەنجا دڕێژ بکرێتەوە، یا یاسایەک بۆ پووچەل کردنەوەی کارکردن بە مادەی پەنجا پێشکەش بکەن. کارتێکی دیکەی بەردەست بەرهەڵستکاران ئەوەیە دەنگدانێک بۆ وەرگرتنەوەی متمانە لە سەرۆکی نوێی حکوومەت رێک بخەن، بەڵام ئەمە خراپترینانە لەبەر ئەوەی دەرگا لەبەردەم هەڵبژاردنێکی گشتی نوێ دەکاتەوە، ئەنجامەکەشی تەواو ناروون دەبێت.

سەرچاوە: ئاژانسەکانی هەواڵ

چەمکی سیاسی



گیفاری

تیۆرێکی سیاسی چەپە و لە کوبا سەری هەڵداوە و بە تەواوی وڵاتانی ئەمریکای لاتیندا بڵاو بۆتەوە . سەرچاوەی چەمکی گیفاری ئارنستۆ چێ گیڤارای سەرکردەی ناسراوی شۆڕشی کوبایە . ئەم تیۆرە پشتگیریی لە تووندوتیژیی شۆڕشگێڕی دەکات ، هەروەها جەخت لەسەر ڕۆڵی تاک لە ئاراستەی مێژوو دەکاتەوە ، پێشی وایە ئیمپریالیزمی ئەمەریکی دوژمنی سەرەکی گەلانە و دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتیش ڕەت دەکاتەوە ، جگە لەوە پشت بە خەباتی چەکداری دەبەستێ و تەبەنای تیۆرە سۆسیالیستیەکان دەکات.


مانشێت



سکای نیوز:
جان ئیف لودریانی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا دووپاتی کردەوە کە هیچ پلانێکی دیکە بۆ چوونەدەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا لە ئارادانیە .



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا 3.6 بلیۆن دۆلاری بۆ بونیادنانی شورەیەک لەسەر سنوورەکانی مەکسیک تەرخان کرد .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
باهۆزی فاکسای زۆر بە تونندی لە تۆکیۆی دا و جگە لە زیانێکی مادی زۆر، هاوکات تا ئێستا 10کەسیش بریندار بوون .



ئیلاف:
لە باشووری فلیپین، خۆکوژێک لەبەردەم سەربازگەیەک خۆی تەقاندەوە، بە گوێرەی زانیاریەکانیش ڕووداوەکە زیانی گیانی لێ نەکەوتۆتەوە.



ئەی ئێف پی:
بە گوێرەی دوایین ڕاپرسی ، جۆ بایدنی کاندیدی دیموکراتەکان بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لە پێشەوەی پالێوارانی دیکەی حزبی دیموکراتە



کەنالی ئار تی :
جێگری سەرۆکوەزیرانی ڕووسیا ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی لە ماوەی 18- 19 مانگدا سیستمی بەرگری ئێس 400 ڕادەستی هیند دەکات .



چەند ڕێنماییەک بۆ ئەوانەی باخی هەنجیریان هەیە

ئێستا لە کوردستان بایەخ بە چاندنی داری هەنجیر دەدرێت وەک داڕێکی پڕ بەرهەم و شیاو بۆ کەشوهەوای جیاواز و بەرهەمێکی باشی دەبێت و بازاڕیشی تا ڕایدەیەک خۆشە، ئەو باخەوانەی هەنجیر لە باخەکەیدا هەیە پێویستە لەم مانگەدا (ئەیلوول) ئەو ڕێنماییانە پیادە بکات:-

یەکەم: پاراستن و پابەندبوون بە بەرنامەی ئاودان لەم وەرزەدا.

دووەم: باخەکە لە گژوگیا خاوێن دەکرێتەوە.

سێیەم: پشکنین بۆ لقوپۆپە نوێیەکەن دەکرێت بۆ دڵنیابوون کە توشیی مێرووی کونکەری مژۆک نەهاتوون چونکە ئەو لقانە لە سااڵی داهاتوودا بەرهەم دەگرن.

چوارەم: ئەگەر بە شێوەی دڵۆپاندن دارەکان ئاودەداران پێویستە گرنگی بە خاڵی دڵۆپان و فلتەر و کۆتایی هێڵەکان بدرێت.

پێنجەم: لەگاتی پێگەیشتنی بەرهەمەکە بە زووترین کات کۆبکرێتەوە ئەو بەرهەمانەی نەخۆشن یان توشیی مێروو هاتوون دەبێ خۆمان لێیان دەربباز بکەین بە سووتاندن یان ژێرخاک کردن.

سوودەکانی خواردنی کافیار



کافیار یەکێ لە ژەمە بەهادارەکانە کە دەوڵەمەندەکان بەردەوام خولیای خواردنی دەکەن و لە کاتی ئاهەنگە تایبەتەکانیان پێشکەشی میوانەکانیان دەکەن وەک نیشانەیەک بۆ دەوڵەمەندییان بە هۆی گرانبەهایی نەرخەکەی.

نهێنی گرانی نرخی کافیار بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە جۆرە ماسییەک وەردەگیرێت بە ناوی ماسیی حەفش کە ماسییەکی زۆر دەگمەنە بە شێوەیەکی سەرەکی لە دەریای ڕەش و دەریای قەزوین هەیە، بەاڵم ئەم ماسییە لەژێر هەڕەشەی لەناوچوون و نەمان دایە، لە هەمانکاتدا ئەو ماسییە بە درێژایی تەمەنیدا کە دەگاتە نزیکەی 60 ساڵ تەنها 3 جار کافیار بەرهەم دێنێت.

کافیار یان ئاڵتوونی ڕەش نرخی تەنها 100 گرامی دەگاتە 1100 دۆالر، هەندێک چێشتخانە ژەمێکی بچووکی کافیار ڕەش بە نرخێک دەیفرۆشن کە لە 3200 دۆالر دەستپێدەکات.

کافیاری ڕەش تەنها جۆر نییە بەڵکو کافیاری سووریش هەیە کە لە ماسیی سەڵەموونی خاڵدار وەردەگیرێت.

کافیار بەهایەکی خۆراکی بەرزی هەیە و ڕێژەیەکی زۆری لە ئۆمیگا 3 تێدایە و تێر چەوری نییە بۆیە نابێتە هۆی قەڵەوی تەنها بۆ سەرچاوەیەکی گرنگی وزە دەگۆڕێت، لە هەمانکاتدا کافیار مرۆڤ لە نەخۆشییەکان دڵ دەپارێزێت و سووڕی خوێن چاالک دەکات و ئاستی کۆلیسترۆڵ لە خوێندا دادەبەزێنێت، هەروەها کۆئەندامی هەناسە باشتر دەکات.

خواردنەوەی قاوە پەیوەندی بە خەوزڕاندن نییە



هەندێک بیروبۆچوون هەیە وەک تێکچوونی سیستەمی نوستن و خەوزڕاندن پەیوەستە بە خواردنەوەی چا و قاوە و نیسکافە، بەاڵم لێکۆڵینەوەیەکی زانستی تازە کە لە زانکۆیەکی ئەمەریکی ئەنجام دراوە جەخت لەوە دەکاتەوە پەیوەندی بەهێز لە نێوان خواردنەوەی قاوە و خەوزڕاندن نییە.

ڕۆژنامەی (دەیلی مەیل)ی بەریتانی دەڵێ، ئەو لێکۆڵینەوەیە کە ماوەی 14 ساڵی خایاند و 785ئەمەریکی لە ڕەگەز ئەفریقی بەشداریان لەم لێکۆڵینەوەیەدا کرد کە ئەنجامەکانی دەیسەلمێنێت دوای خواردنەوەی قاوە و ڕاستەوخۆ چوون بۆ سەر تەختی خەوتن نابێتە هۆی خەوزڕاندن یان ڕێگری لە خەوێکی هێمن و قوڵ ناگرێت، پێچەوانەی ئەو بیروبۆچوونانەی باوە کە دڵێت خواردنەوەی قاوە پێش خەوتن دەبێتە هۆی تێکچوونی خەو و پچڕانی هەناسە لە کاتی خەوتندا و زۆر دیاردەی ناخۆشی دیکە کە لە کاتی خەوتندا ڕووەدەدات.

لێکۆڵینەوەکە دەریدەخات تێکچوونی پڕۆسەی خەوتن پەیوەندی بە خواردنەوەی ماددە کەولییەکان هەیە ئەگەر کەمتر لە 4 کاتژمێر پێش خەوتن بخورێتەوە، ئەوە کاریگەری بەهێزتری لە کافایین هەیە لەسەر جۆری خەوتن. کافایین کاریگەری زۆر الوازی لەسەر خەوتن هەیە، دوای لەبەرچاوگرتنی فاکتەرەکانی دیکە وەک تەمەن و ڕەگەز و قەڵەوی و چوون بۆ سەر کار و قوتابخانە لە ڕۆژی داهاتوو یان دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و پاڵەپەستۆی دەروونی. لێکۆڵینەوەکە دەریدەخات جگەرەکێشکان دوای نزیکەی 43 خولەک زیاتر لە ئەوانەی جگەرە ناکێشن هەست بە خەوالووی دەکەن.

هۆکاری ڕشاندنی بەرهەم بە هۆڕمۆنی ڕووەکی و کاریگەرییەکانی



هۆرمۆنە ڕووەکییەکان ئاوێتەی سروشتین لە نێو ڕووەک دروست دەبن، لە زانستی فسیۆلۆژیدا بە ڕێکخەرەکانی گەشەی ڕووەک دەناسرێن واتا بەرپرسیارن لە ڕێکخستنی گەشەی ڕووەک. بە بڕی زۆر کەم هەیە و کاریگەرییەکانیان تێکەاڵ بە یەکدی دەبێت بۆ ئەوەی ئەنجامی کۆتایی باشتر بدات واتا هەر هۆرمۆنێک بە تەنها کار ناکات.

هۆرمۆنە ڕووەکییەکان و پێکهاتە کیمیاییەکانیان لە الیان شارەزایانی بواری زانستی ڕووەک دۆزرایەوە و پاشان بە ڕێگای پیشەسازی دروستکران، بە هەمان پێکهاتەی کیمیایی هۆرمۆنی سروشتی یان بە پێکهاتەیەکی هاوشێوە بۆ ئەوەی هەمان کاریگەری فسیۆلۆژی لەسەر ڕووەک هەبێت و هەمان ئەنجام بدات.

ڕووەک بە هۆرمۆن دەرشێندرێت بۆ چەند هۆیەک وەک زاڵبوون بەسەر دیاردەی کەتنی کوریکە (گوڵ) و بەر، یان بۆ باشکردنی گەشەی سەوزی ڕووک لە ئەنجامدا بەری زیاتر دەگرێت یان قەبارەی بەرهەم گەورەتر دەبێت و بەرهەمەکە بە خێرایی ڕەنگ وەر دەگرێت.

لە جیهاندا بەکارهێنانی هۆرمۆن تاکو ئێستا قەدەخە نەکراوە تەنانەت بۆ ئەو بەرهەمانەی بازرگانیان پێدەکرێت، بەاڵم پێویستە بزانرێت چۆن بەکار دێت و لە سنووری ڕێگا پێدراو بێت، چونکە ئەو هۆرمۆنە ڕووەکییانە بەکارهێنانی بە ڕێژەی زۆر کەم کاریگەری بەدەر دەکەوێت، بەاڵم ئەگەر بە ڕێژەی زۆر بەکارهات ئەگەر هەیە ئەنجامی پێچەوانەی هەبێت، ئەوەو هۆرمۆن دەچێتە نێو کردارە زیندەگییەکانی نێو ڕووەک بۆ ئەوەی کاریگەرییە تایبەتەکانی دەرکەوێت ئەوەش دوای 4 - 6 حەفتە لە ڕشاندنەکە دەردەکەوێت کە دەکرێت بە ماوەی دڵنیابوون هەژمار بکرێت. شارەزایانی بواری فسیۆلۆژیای ڕووەک دەڵێن: هۆرمۆنە ڕووەکییەکان بەرێک بەرهەم دێنێت کە لەقەبارە لە بەری ئاسایی گەورەترە بەهۆی هاندانی داببەشبوونی زۆری خانەکان و توانای زۆری خانەکان بۆ مژینی ئاو لە ئەنجامدا خانەکان پڕ ئاو دەبن و قەبارەیان گەورەتر دەبێت و ئاوکی بەرەکە زۆر دەبێت (پڕ ئاو دەبێت) و ڕەنگیشی جوانتر دەردەکوێت.

گرنگی خۆڕاکدانی ڕووەک لە ڕێی گەاڵوە



دەکرێت پەین بە ڕووەک بدرێت لە ڕێگای ڕشاندنی گەاڵکانەوە، ئەو کردارەش بە خۆڕاکدانی گەاڵیی دەناسرێت. لەم پڕۆسەیەدا گەاڵ ئەو خۆڕاکانە دەمژێت کە پێی دەڕشێندرێت، ئەو کردارەش بەسوودە بۆ ڕووەک شانبەشانی پەیندان لە ڕێگای خاکدا. شارەزایانی بواری خۆڕاکدانی ڕووەکی دەڵێن: لە خۆڕاکدانی گەاڵیی دا ماوەی نێوان ڕشاندنی پەین و هەڵمژینی لە الیان گەاڵوە کورت دەبێت کە ئەوەش گرنگە لە قۆناخی گەشەی خێرا گەاڵدا، لە هەمانکاتدا ئەو ڕێگاییە (خۆڕاکدانی گەاڵیی) کێشەی هەڵنەمژینی هەندێک توخمی خۆڕاکی لە خاکدا چارەسەر دەکات، ئەوەو هەڵمژینی توخمەکانی ئاسن و مەنگەنیز و مس لە ڕێگای گەاڵوە ئاسانترە لەوەی لە خاکدا وەربگیرێت، ئەو کردارە چوست و باشتر دەبێت ئەگەر گیراوەکە بۆ ماوەیەک چینێک لەسەر گەاڵکان دروست بکات. لە کاتی ئەنجامدانی کرداری خۆڕاکدانی گەاڵیی پێویستە گەاڵکان بپارێزرێن لە هەر بەرکەوتنێکی میکانیکی بۆ ئەوەی زیان بە گەاڵکان نەکەوێت بەوەش کردارەکە کاریگەرتر دەبێت و ئەنجامی باشتری دەبێت. ئەگەر ئەو کردارە لە کەشتێکی گەرم ئەنجام بدرێت ئەوە مادەی کاریگەرەکە دەبێت بە هەڵم و تەنها خوێیەکە لەسەر گەاڵکان جێدەمێنێت لە ئەنجامدا دەبسوتێنێت بۆیە باشترە پڕۆسەی ڕشاندن بیانیان زوو و لەو ڕۆژانەی کە پلەی گەرمی نزمە ئەنجام بدرێت.

بەرشلۆنە زۆرترین پارەی لە کڕینی یاریزانان خەرج کردووە



رۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی، لیستی ناوی ئەو 10یانەیەی ئاشکرا کردووە، کە لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا، زۆرترین برە پارەیان لە کڕینی یاریزانان خەرج کردووە، یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی لە سەرووی لیستەکە دێت. لیستەکەش بەم شێوەی لای خوارەوەیە:

بەرشلۆنە (1.08)ملیار یۆرۆ، مانچستەر ستی (996)ملیۆن یۆرۆ، مانچستەر یونایتد(890)ملیۆن یۆرۆ، چێلسی(875)ملیۆن یۆرۆ، یۆڤانتس(868)ملیۆن یۆرۆ، ئەتلەتیکۆمەدرید(800)ملیۆن یۆرۆ، پاریس سان جێرمان(773)ملیۆن یۆرۆ، ریال مەدرید(755)ملیۆن یۆرۆ، لیڤەرپوول(714)ملیۆن یۆرۆ ، رۆما(714)ملیۆن یۆرۆ.

هەر لە لیستەکەدا ئەو برە پارانەش هاتووە، کە یانەکان لە فرۆشتنی یاریزانەکانیان دەستیان کەوتووە، کە تێیدا هاتووە، یانەکانی مانچستەر ستی و مانچستەر یونایتد، کورتهێنانی زۆر لە نێوان فرۆشتن و کڕینیاندا هەیە. بەرشلۆنە زۆرترین برە پارەی لە کڕینی یاریزانان خەرج کردووە، بەڵام رێژەی فرۆشتنی یاریزانەکانیشی خراپ نییە، بەڵام جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە،لەوکاتەی یانەکانی چێلسی و ئەتلەتیکۆ مەدرید، جیاوازی کڕین و فرۆشتنیان کەمە. ریال مەدرید و یۆڤانتس، رێژەی پارەی خەرج کراویان ئاساییە، بەڵام یانەی رۆما، تاکە یانەیە، کە رێژەی فرۆشتنی لە رێژەی کڕینی کەمترە.

ڕەمزی میرەکانی

جەماوەری لیڤەرپوول داوای فرۆشتنی محەمەد سەڵاح دەکەن



رۆژنامەی میرۆری بەریتانی راپۆرتیکی بڵاوکردۆتەوە کە لە پەیجی فەرمی هاندەرانی لیڤەرپوول (روسینگ زە کەپ) کە تایبەتە بە جەماوەری ریدز و تیایدا داوایان لەیانەکە کردووە محەمەد سەڵاح بفرۆشن.


بەگوێرەی سایتە فەرمییەکە کە گوتوبەتی لەسەر لیڤەرپوول پێویستە هەمان حیلە دووبارە بکاتەوە کاتێک سوودی لە گەڕانەوەی کۆتینهۆی گەورە بینی لە دووبارە بەهێزکردنەوەی ریزەکانی یانەکە بە باشترین دوو یاریزان ئەوانیش فیرگ ڤان دایک و ئەلیسۆن بیکەری گۆڵچی. ئەو جەماوەرە داوایان لە سەرۆکی لیڤەرپوول کردووە کە سوود لە فرۆشتنی محەمەد سەڵاح وەرگرن بۆ ئەوەی لە گواستنەوەی هاوینەی داهاتوو گرێبەست لەگەڵ هەریەک لە کیلیان مبابپی و گادۆن سانچۆ و کای هاڤیرتز مۆربکات و بیانهێننە ریزەکانیانەوە.

بالیۆزی گەشتیاری بەرازیل بۆی نییە گەشت بکات

پەیمانگایەکی گەشتیاری بەرازیلی، رۆنالدۆی یاریزانی پێشووی یانەی بەرشلۆنە و هەڵبژاردەی بەرازیل کردە بالیۆزی تازەی گەشتیاری لە وڵاتەکەی.
رۆنالدۆ بەم دامەزراندنە تازەیەی رووبەرووی کێشەیەکی گەورە دەبێتەوە چونکە لەلایەن دادگای باڵای بەرازیل، پاسەپۆرتی گەشتیاری تایبەت بەخۆی لێسەنراوەتەوە و ناتوانێت گەشت بۆ دەرەوەی بەرازیل بکات ئەویش بەهۆی کەلەکەبوونی ئەو قەرزانەی لەسەریەتی.



9ساڵە ریال و بەرشلۆنە هیچ یاریزانێکی ئەرژەنتینیان نەکڕیوە



هەفتەی رابردوو دەرگای گواستنەوەی میرکاتۆ لە ئیسپانیا داخرا و هەردوو جەمسەرەکەی ئیسپانیا یانەکانی ریال مەدرید و بەرشلۆنە هیچ گرێبەستێکیان لەگەڵ یاریزانێکی ئەرژەنتینی ئیمزا نەکردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوە بۆ ماوەی 9ساڵ دەچێت ئەو دوو یانەیە هیچ یاریزانێکی ئەرژەنتینیان نەکڕیوە.

لە ساڵی 2010ئانخل دی ماریا دوایین یاریزانی ئەرژەنتینی بوو کە لە یانەی بەنفیکای پورتوگالیەوە چووبێتە یانەی ریال مەدرید و دواتریش هەر ئەو یاریزانە لە ساڵی 2014چووە مان یونایتد و ئێستاش لە ریزی پاریس سان جێرمان یاری دەکات، لەوللشەوە خافێر ماسکیرانۆ دوایین یاریزانی ئەرژەنتینی بوو چووبێتە ریزی یانەی بەرشلۆنە، کە لە ساڵی 2018ئەو یانەیەی جیهێشت و چووە خولی چینی.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
The, 10. Sep. 2019 No: (5824)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

وێنەکێش شیروان عەزیز: تێکەڵاوکردنی ڕەنگەکان ئارامی و جوانیم پێدەبەخشێت

حەز دەکەم وێنەی سروشت بکێشم بەتایبەت سروشتی کوردستان وەکو شاخ و گوند



دیدار: بەرهەم شێخ عزەدین

شیروان عەزیز حەسەن لەساڵی 1971لە هەولێر لە دایک بووە، وەک خۆی دەڵێت لە منداڵیەوە بەهرەی هونەری وێنەکێشانی هەبووە، ئەو وێنەکێشەی خاوەن چەندین تابلۆی جوانە کە لە وێنە گشتییەکان نەخشاندوونی چەند پرسیارێکمان لێ کرد بەم جۆرە وەڵامی دایننەوە:




دەربارەی وێنەکێشان شیروان دەڵێت: وێنەکێشان هونەرێکی زۆر جوان و خەم ڕەوێنە و زۆر ماناداراە، تێکەڵاوکردنی ڕەنگەکان ئارامی و جوانییت پێدەبەخشێت. ئینجا دەربارەی پەیوەندی وێنەکێشان بەخوێندن و خوێندەواریەوە ئەو وێنەکێشە دەڵێت: وێنەکێشان بەهرەیەکی خواییە بۆ بەندەکان هیچ پەیوەندی بەخوێندەواری نییە، بەڵام لەگەڵ ئەو بەهرە جوانە خوێندەواریت هەبێت زۆر زوتر لە هونەرەکەت شارەزا دەبێت، چونکە بۆ هونەرمەندە شێوەکارەکان زۆر زەرورە ژیاننامەی ئەو هونەرمەندە مەزنانەی کە پێش تۆ هەبوون بیانخوێنیتەوە تاکو کارەکانت بە ئەکادیمی بکەیت، کەواتە زۆر زەرورە وێنەکێش خوێندەواربێت. شێروانی وێنەکێش دەربارەی پرسیاری ئەوەی ئارەزوو دەکەیت وێنەی چی بکێشیت وا دوا: هەموکات حەز دەکەم وێنەی سروشت بکێشم بەتایەت سروشتی کوردستان وەکو شاخ و گوند و دێهات و باب و باپیرانمان. ئینجا لە وەڵامی پرسیاری بایەخدان بەو بواڕە، ئەو وێنەکێشە دەڵێت: پێویستە وەکو جاران ئاسانکاری مادەی و مەعنەویمان بکرێت تاکو بەردەوام بین لە کار و چالاکی و دانەبڕێین، دەبێت ئەو دەست ڕەنگینانەی کە زۆر بەتوانان سەفەری دەرەوەی وڵاتیان پێبکەن لەوێ کاروچالاکی ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی بە هونەرەکەیان میللەتی کورد بە جیهان بناسێنن. دەربارەی ئەو پێشانگایانەی تاکو ئێستا کردوونیەوە شیروانی وێنەکێش دەڵێت: تاکو ئێستا 10 پێشانگای تایبەتیم کردۆتەوە، نزیکەی شەش پێشانگایان وێنەی هونەرمەندانە لەسەر فەخفوری کێشاومن، کە تاکو ئێستا تەنها من پێشانگام لەسەر فەخفوری کردۆتەوە، وەکو کاری ئەرشیفی خەڵکێکی زۆریش بەم کارە بەردەوام بە لەو کارە ئەرشیفییە، ئەوە بوو چەند ساڵێک لەدوای یەک بەپشتگیری ئەو بەڕێزە پێشانگاکانم ئەنجام دەدا. ئێستاش نزیکەی چوار ساڵە هەندێ وێنەی فۆلکلۆریم لەسەر فەخفوری کێشاوە کە کارەکان زۆر جوانترن لەهی پێشوو، بەڵام بەداخەوە هیچ هاوکارییەک نییە بۆ چالاکی تاکو بتوانم پێشانگایەک نمایش بکەم. لە دوماهیدا لە وەڵامی پرسیاری تا چەند بە کارە هونەرییەکانت بژێوی ژیانت دابین دەکەیت شیروان دەڵێت: شوکور بۆ خوا نزیکەی 30 ساڵە بەهونەری وێنە کێشان و نەخشاندنی تابلۆ بۆ خەڵکی هونەردۆست خۆم دەژینم و بژێوی ژیانی خۆم بەهونەرەکەم پەیدا دەکەم ، زۆریش ئەکتیڤم لەکارەکانم.

پەرلەمانی بەریتانیا سوپاسی گەنجەکەی ڕانیە -یان کرد



خەبات / هەمزە سەرحان

پاش ئەوەی پۆلیسی بەریتانیا سوپاسنامەی تایبەتیان پێشکەشکرد، لە لایەن پەرلەمانی بەریتانیاشەوە سوپاسنامەیەکی تایبەت ئاڕاستەی ئەو گەنجە کوردەی خەڵکی ڕانیە کرا کە ماوەیەک لەمەوبەر لەناو مینی پاسێکدا شەش کەسی لە مردن ڕزگار کرد. (ئاکام عەلی) گەنجێکی خەڵکی ڕانیەیەو دانیشتووی بەریتانیایە، مانگی ڕابردوو لە شاری " ستافۆرد شارلی" وڵاتی بەریتانیا ، شەش کەسی لە مردن ڕزگار کرد، کاتێک کە ئۆتۆمبێلەکەیان گڕی گرتبوو. میدیاکانی بەریتانیا "ئاکام"یان بە پاڵەوان ناو برد و پۆلیسی بەریتانیاش سوپاسنامەی تایبەتیان ئاڕاستە کرد، ئاکام عەلی بە " دیبلۆماتیک مەگەزین"ی ڕاگەیاند کە لەبەرانبەر ئەو کارەیدا لەپاش پۆلیسی بەریتانیا ، لە لایەن پەرلەمانی ئەو وڵاتەشەوە سوپاسنامەی تایبەتی پێشکەش کراوە.





هونەرمەند بورهان محەمەد گۆرانی(بەزەڕان)ی بلاوکردەوە

بەرهەم شێخ عزەدین

هونەرمەندی بەئەزموون و دەنگ زوڵاڵ (بورهان محەمەد) دەربارەی نوێترین بەرهەمی هونەری بەخەباتی گوت: گۆرانی(بەزەڕان) وشەیەکی لوڕی یەو باواتای (زەنگی شادی) دێت. ئاوازەکەی لوڕیە و شیعری میر نەورۆزە و ئامادە و دابەش کردنی ئیبراهیم نەقدیان و ژەنیارەکان :(راستی جەمال کوردی، عازف عود، (ئیبراهیم نەقدیان) لەهەمان کات ژەنیاری جۆزەیە، (ئاکۆ جەمال) بەزەڕب، (بەڕێز نەورۆز) بەدایرە بەدەف،بەدەهۆڵ. دەرهێنانەکەی (بڕیار فەتاح)ە.ئێستا بلاو بۆتەوە، هیوادارم توانیبێتم خزمەتێکی بچوکم بە هەوادارانی گۆرانی ڕەسەنی کوردی بکەم.



شڤان دۆسکی: هەر لە منداڵییەوە حەزم دەکرد ببم بە هونەرمەند

سولین سلێمان-خەبات

هونەرمەند"شڤان دۆسکی" لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ (خەبات) دەڵێت لە ساڵی 1990 لە دایکبووم، ئێستاش لە دهۆک نیشتەجێمە، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە حەزو خولیام ئەوە بوو ببم بە هونەرمەند ، چونکە کوری مامەکانم کاریگەربیان لە سەر من هەبووە ، چونکە ئەوانیش هونەرمەندن لە و بواڕە خوێندویانە، دواتر زانیم کە ئەو بەهرەیم تێدا هەیە ئەو توانایەم هەیە کە ببم بە گۆرانی بێژ ، سوپاس بۆ خوا کە پێی گەیشتم، هەروەها لە ساڵی 2005 وە دەستم بە کاری هونەری کردووە تا ئێستاش بەردەوامم، یە کە م کاری هونەریم بڵاوکردنەوی گۆرانییەکی فۆلکلوری بوو دواتر لە ساڵی 2017 گۆرانییەکی ترم بە دوێت لە گەڵ هونەرمەند ڕۆژبین دۆسکی بە ناوی(ویلی ویلی) بڵاوکردەوە کە کاردانەوەیەکی زۆر باشی هەبوو لە یوتیوب زیاتر لە 1.5 ملیون و نیو بینەری تێپەراندبوو، هەروەها بە و گۆرانییە ناسرام ، جێگای خۆشحاڵییە بومن کە ئەو گۆرانییە کەووتبووە سەر زاری منداڵ و گەنج کە جێگەی خۆشحاڵییەکی زۆر بوو بۆمن،تا ئیستاش خاوەنی (15)گۆرانیم کەلە لایەن خۆمەوە تێکست و ئاوازی بۆ دانراون، چونکە من بێجگە لە گۆرانی گوتن تێکست و ئاوازیش ئەنووسم ، وە هەر هونەرمەندێک داوای تێکست و ئاوازی من بکات بە خۆشحاڵییەوە ئامادەم پێی ببەخشم لە بارەی پشتگیرییەکەی دەڵێت؛ بنەماڵەکەم زۆر هاوکاری منن زۆر لەگەڵ من هاوکارن هەروەها هاوڕێکانم ئەوانەی کە لەگەڵم کاردەکەن لە کارە هونەرییەکانم زۆر لەگەڵ من هاوکارن ، ڕاشیگەیاند؛ هونەر لای من تەنها حەزو خولیایە لە وانەیە بۆ هەندێک لە هونەرمەندان بوبێت بە کارێک کە خۆیان پێ بژیێن ، بەڵام بوو من تەنها حەزێکی تایبەتی خۆمە، لە پرسیارێکدا کە ئایا هیچ ئەلبومێکی هەیە ؟ لە وەڵامدا دەڵێت؛ بەڵێ لە ساڵی2018" ئەلبومێکم بڵاوکردەوە بە ناوی(چوومە وارێ ژووری) کە لە 13 تراک پێکهاتووە، ئاماژەی بە وەش دا دەڵێت؛ تا ئێستا 3 کۆنسێرتم ئەنجام داوە لە ساڵی 2017-2018 کە یەکێکیان لە شاری دهۆک دووی تریش لە شاری زاخۆ، لە پرسیارێکدا کە ئایا ئێستا هیچ کاری نوێی بە دەستەوەیە ؟ دەڵێت؛ بەڵێ لە ئێستادا خەریکی دروستکردنی گۆرانییەکی نوێین کە بە دوێت لەگەڵ هونەرمەند(علی ئەڤریکی) کە بەم زووانە بڵاو دەبێت ،لە کۆتاییداسوپاسی گشت لایەک دەکەم کە پشتگیریی منیان کردووە و هاوکار بوونە لەگەڵم، سوپاسی هەواداڕەکانم دەکەم بۆ ئەو پێشوازییەی کەلە گۆرانییە کەی منیان کرد تا پشتگیری ئە وان هەبێت ئەتوانم کاری جوانتر بکەم.

فەیسبوک خزمەتگوزاری هاوشێوەی یوتیوب دەخاتەکار

کۆمپانیای فەیسبوک خزمەتگوزاری Watchی پەرەپێدا بۆ تۆمارکردنی ڤیدیۆ لەسەر ئاستی جیهان، لەدوای ساڵێک لەئاشکراکردنی لەئەمریکادا، بەو جۆرە هەوڵی بەزمەسات و وەرزشی بۆ ڕکابەری یوتیوب دروست دەکات.لەوبارەیەوە فیدجی سیمۆ بەرپرسی خزمەتگوزاریەکە لەفەیسبوک ڕایگەیاند ئەم خزمەتگوزارییە وادەکات تەماشاکردنی ڤیدیۆ ببێتە چالاکییەکی کۆمەڵایەتی. لەڕێی وۆچەوە دەتوانین بزانین چۆن پێکهاتەیەک هاوبەشی بکەین لەگەڵ هاوڕێ و هەوادارانیدا. ئەو گرتە ڤیدییۆییەکانە دەتوانیت ئادی بخەیتەسەر و ٥٥٪ی داهاتەکانی بۆ خۆت و ئەوەی تری ٤٥٪ی بۆ فەیسبوک دەبێت، ئەمەش لەئەمریکا بەم جۆرەیە.



کوردستان.. وەرزی کاڵەکی بەراو